# عیسمەت شەریف وانلی
# ڕۆڵی لە دامەزراندن و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (KSSE)

**پ. د. ئیسماعیل محەمەد حەساف**  **م. هاوکار کەریم حەمەشەریف**

بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

hawker.hamasharif@su.edu.krd  Ismail.Hassaf@su.edu.krd

**پوختە**

ئەم تویژینەوەیە تویژینەوەیەکی زانستیی مێژووییە دەربارەی ڕۆڵی کەسایەتی عیسمەت شەریف وانلی لە سەرکردایەتی و دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە سەرەڕای دیارکردنی ڕۆڵی عیسمەت شەریف وانلی لەم نێوەندەدا کۆکردنەوەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و لە بازنەیەکی ناسیۆنالیستیدا بەمەبەستی بە نێودەوڵەتی کردنی دۆزی سیاسی کورد بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نیشاندانی ئەو زوڵم و ستەمەی دەرهەق بەو نەتەوەیە ئەنجامدەدرێت لەلایەن هەر چوار دەوڵەتی کە پارچەیەک لە کوردستانیان داگیرکردووە، ئەم لێکۆڵینەوەیە دابەش بووە بەسەر چەند ناونیشانێکی لاوەکی کە پێکهاتووە لە ژیاننامەی عیسمەت شەریف وانلی، خوێندنی لە سویسرا، ڕۆڵی لە دامەزراندن و سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ریزبەندیکردنی کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد،

لیستی سەرچاوەکان، ئەنجام، پوختە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**وشە سەرەکییەکان:** عیسمەت شەریف وانلی، خەبات، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، دۆزی کورد، سیاسی، کۆنگرە

**پێشەکی:**

عیسمەت شەریف وانلی یەکێک لە کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسی و نەتەوەیی کوردییەکانە کە لەسەر شانۆی سیاسی لە ئەورووپا و کوردستان ڕۆڵێکی گرینگی گێڕاوە، ناوبراو دوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە دیمەشق و بەیروت و دواتر چوونی بۆ زانکۆ دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە بتوانێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی باڵا ڕوو بکاتە ئەورووپا، بێگومان لە گەنجیەوە وانلی جۆشی بۆ کوردایەتی هەبوو، حەزی لە مێژوو بوو "بەتایبەتی مێژووی کورد"و بەشداری لە چالاکییەکانی ڕۆشنبیری و وەرزشی یانەکانی کوردستان کردووە و یەکێک بووە لە بەشداربووانی چالاکی ڕۆشنبیری لەو دوو یانەیەدا و ئاشنابوون بە کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و ناسیۆنالیستەکان، وەک قەدری جەمیل پاشا، شەوکەت زولفو، جەلادەت بەدرخان، عوسمان سەبری، نوری دێرسیمی و کامەران بەدرخان.

بارودۆخی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و دابەشبوونی بۆ چوار پارچە و ئەو زوڵم و زۆری و ستەمەی لە لایەن ئەو ڕژێمانەوە دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان دەدا وای لە وانلی کردبوو هەر زوو هەست بە ئێش و ئازارەکانی نەتەوەکەی بکات و ڕای گشتی جیهانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆڤییەکان لێ ئاگادار بکاتەوە، بۆیە لە خوێندنیدا تەنها لە دیمەشق و بەیروت نەگیرسایەوە و بەڵکو لە

بەرنامەیدا بوو مەیدان و پانتاییەکی فراوانتر دەستەبەر بکات و لەنێویدا چالاکی و ئەسپی خۆی بە تەواوی تاو بدات.

دوای گەیشتنی بە ئەوروپا و دەستکردنی بە خوێندنی زانکۆیی و تێکەڵاوبوونی بە هەندێ کەسایەتی ناسیونالیست وەکو میر کامەران بەدرخان و نورەدین زازا ئەمە وای کردبوو کە وانلی مەیدانێکی فراوانتری بۆ کارو چالاکییەکانی بێنێتە پێش، ئەمیش مەیدانی خەباتی خوێندکارانی کورد و کۆکردنەوەیان لەنێو ڕێکخراوێکی دیارکراودا کە ئەمیش دواتر توانی ڕۆڵێکی دیار و گەورە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بگێڕێت، و خەباتی ئەو کۆمەڵەیە بەشێوەیەکی ورد وەربچەرخێنێت بۆ خزمەتی دۆزی نەتەوەی کورد.

لە ئاراستەکردنی کاروباری دەرەکی نەتەوەیی لە کۆڕە نێودەوڵەتییەکاندا، لە دوای خۆیدا مێژوویەکی سیاسیی پڕشنگداری بەجێهێشت، سەرەڕای گرینگیی کەسایەتی و ڕۆڵی وەلێ تا ئێستا لە لایەن توێژەرانەوە بایەخی تەواو و پێویستی پێ نەدراوە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و لە کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی تایبەتی، لە بواری یاسا و سیاسەت و مێژووی سیاسیدا ئەکادیمییەکی پسپۆڕ بوو، لە چەندان زانکۆ پلەگەلی زانستی وەدەست هێناوە، ژمارەیەک لێکۆڵینەوەی زانستی نووسیوە کە هەموویان لەبارەی کێشەی کوردەوە بوون، بۆیە لە سیاسەتمەدارە کوردە دەگمەنەکان و خاوەن ئەزموونێکی کەسیی خودان تێڕوانینێکی ستراتیژی نەگۆڕ و ڕوون بنیاتنراو لەسەر یەکێتی و یەکگرتنی ئۆرگانیی کوردستانی دادەنرێ.

زێدەباری زمانی کوردیی دایک زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەڕەنسی بەباشی دەزانی، کە لە ئەوروپا فێری ببوو، ناوبراو ڕۆشنبیرێکی کارامە بووە، بیر و هزرەکانی بە زیرەکییەکی زۆرەوە

هەڵدەبژارد، بەشێوەیەک ئاگاداری سیاسەتی نێودەوڵەتی بوو و لە هاوسەنگییەکانی تێگەیشتبوو، بۆ کێشەی نەتەوەیی گەرموگوڕ و بەپەرۆش بوو، باوەڕی بە سەرکەوتنی هەبوو، ئەرک و ئامانجە سیاسی و ئەکادیمییەکانی خۆی دەزانی، خەباتکارێکی پتەو و قایم بوو بە درێژاییی ژیانی نەرم نەدەبوو، زۆر کاری کرد و زۆری بەخشی، بۆ هەتا هەتایە ناو و مێژووی لە یادگەی نەتەوەی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە.

تویژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بە ژمارەیەک سەرچاوە و ژێدەری پەیوەست بە بابەتەکەوە بەستووە لە نێویاندا یاداشتەکانی (عیسمەت شەریف وانلی) و هی تر کە لە پەراوێزەکاندا باس کراون.

**١. ژیاننامەی عیسمەت شەریف وانلی**

عیسمەت لە گەڕەکی کوردان (حي الاكراد) ناسراو بە گەڕەکی (ركن الدين)[١] لە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٢٤ لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بووە (عبداللە،٢٠١٢ ، ٤٨٥)، لەبارەی لەدایکبوونیەوە عیصمەت شەریف دەڵێ: (بەپێی پاسپۆرتە بەراییەکانی سووریا (کە پاراستوومە) لە شاری دیمەشق لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایک بووم و لە تۆماری فەرمانگەی ئامار لە (دیمەشق – صالحیە – ئەکراد ژمارە ٥٩١) تۆمارکراوە، هەروەها باپیری لە لایەن باوکییەوە (شەریف) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە (لەوانەیە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩٠) لە گوندی (زیڤیک)ی دەوروبەری شاری وانەوە کۆچی کردووە بۆ دیمەشق، لە تۆمارەکانی ناسنامەی سووریی عوسمانی ناونراوە (شەریف وانلی) بەپێی نەریتی کوردی (وانلی، ٢٠١٤ ، ١٩).

**٢. خوێندنی لە سویسرا**

لە کۆتایی نۆڤەمبەری ١٩٤٨دا، عیسمەتی شەریف لە بەیروتەوە لەگەڵ باوکی بەرەو ئیتالیا و لەوێوە بە شەمەندەفەر گەشتی بۆ لۆزان

کرد و لە ٢٩ی هەمان مانگ گەیشتە ئەو شوێنە. گەشتەکەی دوای ئەوە هات کە نورالدین زازا و زاواکەی محەمەد مێتینی لە هاوینی ساڵی ١٩٤٧ بۆ خوێندن لە زانکۆی لۆزان، کە یەکەمیان زانستی پەروەردەی دەخوێند و دووەمیشیان لە ئەندازیاری کیمیایی.

عیسمەتی شەریف بەم شێوەیە باس لە گەشتەکەی دەکات و دەڵێت: "لە ٢٩ی تشرینی دووەم گەیشتمە لۆزان وەک ئەوەی زۆر بە باشی لە بیرمە. تەنیا جانتایەکم هەبوو لەگەڵ چەند کتێب و کەمێک پارە، یەکسەر چووم بۆ بینینی نورالدین و محەمەد مێتینی، کە دوو ژووریان لە ماڵی ژنێکی بەساڵاچووی سویسری بەکرێ گرتبوو. من شەوی یەکەم لەلایان مامەوە، پاشان ژوورێکم لە خێزانێکی سویسری بەکرێ گرت (قوتابیە بیانییەکان لەو کاتەدا لە سویسرا کەم بوون و ژیان هەرزان بوو). گەشتەکەم بۆ تەواوکردنی خوێندن بوو بە وێنەی نورالدین زازا و محەمەد مێتینی کە زیاتر لە ساڵێک پێش من بوون (خوالێخۆشبوو نورالدین زازا لە ساڵی ١٩١٩ لەدایکبوو و نزیکەی پێنج ساڵ لە من گەورەتر بوو، و هەروەها پاسپۆرتی خۆی بە من نیشان دا) و من بە فاکەڵتی یاسام گوتبوو لە لۆزانم دەربارەی درەنگ گەیشتنم بە نزیکەی مانگێک و بۆ ئەو بابەتانەی کە لە بەیروت خوێندبووم و تێیدا سەرکەوتوو بووم" (وانلی، ٢٠١٤ ، ٢٥-٢٦).

مۆڵەتی یاسایی لە زانکۆی جنێف وەرگرت و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی لۆزان لە سویسرا وەرگرت و بەرگری لە تێزەکەی کرد کە ناونیشانەکەی: (لەسەر ستراتیژی سیاسی و سەربازی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد - سەیرکردنێک بۆ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو)، بڕوانامەی ماستەری لە بواری مێژوو بەدەستهێناوە و دوکتۆراکەشی لە بواری ئابووری سیاسی لە زانکۆی جنێف. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ تا ١٩٦٢ وەک مامۆستا لە زانکۆی

سۆربۆنی فەرەنسا کە وانەی تایبەتی لەسەر مێژووی کوردستان گوتۆتەوە، پاشان لەسەر پێشنیازی کامەران بەدرخان لە زانکۆی سۆربۆن وانەی مێژووی کورد و کوردناسی گوتووەتەوە (عبداللە، ٢٠١٢ ،٩)، و لەوێ مەنهەجی بابەتی شارستانی کوردستانی پەرەپێدا و وەک وانەیەک لە زانکۆی لۆزان داندرا و خۆیشی ئەم وانەی دەگوتەوە "کە تێیدا وانەی بە خوێندکارەکانی دەوتەوە کە نەتەوە جیاجیاکانی لەخۆ دەگرت" (كتابات في الميزان، الشخصية الوطنية الكردية والسياسي المخضرم عصمت شريف وانلي في ذمة الخلود، إدارة موقع نوروز، (www.yek-dem.com

### ٣. ڕۆڵی عیسمەت شەریف وانلی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (کۆنگرەی دامەزراندن)

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٩ لە شاری لۆزانی سویسرا کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد گرێدرا، نورەددین زازا لە یادەوەرییەکانیدا لەبارەی ئەم ڕووداوەوە دەنووسێ: (یەکێک لە هاوڕێکانمان کە لە کوردی عێراق بوو تووشی تەنگژەیەکی دارایی ببوو چونکە حکوومەتی عێراق مینحەی خوێندنی لێ بڕیبوو، ئەو کات بیرۆکەیەک بە مێشکمدا هات ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو هەموو خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەناو یەکێتییەکدا کۆبکەمەوە، لە ڕۆژێکی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ ئەو شەش خوێندکارە کوردەی سویسرا کە لە لۆزان کۆببوونەوە بڕیاریان دا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دابمەزرێنن و داوایان لە هەموو خوێندکارانی کوردی ئەوروپا کرد بێنە ڕیزیەوە، و هەریەکەمان بەڵێنمان دا هاوکاری هاوڕێیە کوردە عێراقییەکەمان بکەین لە ڕێی ئەوەی مانگانە چەند سەت فرەنکێکی بە دیاری پێ ببەخشین، سەرباری ئەوەش کۆنگرەی دامەزراندن لە لۆزان منی وەک سەرۆکی کۆمەڵە هەڵبژارد و بڕیاری دا چاپکراوێکی مانگانە

بە زمانەکـــانی کـــوردی و ئینگلیـــزی و فەڕەنســـی بە نـــاوی دەنگـــی کوردســـــتان بڵاوبکــــاتەوە (زازا، ٢٠٠٨ ، ١٦٤-١٦٥)، کە ســــەرکۆنەی قێزەونی سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەکرد کە دژ بە کورد لە لایەن تورکیـا و عێـراق و ئێـران و سـووریا ئەنجـام دەدرا، تەنهـا (٥) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، بەڵام نەوزاد عەلی دەڵێ: (گۆڤاری کوردستان ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٧٤ حەڤدە ژمـارەی لـێ دەرچـووە (عبداللـه، گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی، ٨٠ ؛ ئەحمەد، ٢٠١٠ ، ٥٠).

لە ڕووی سیاسـییەوە کـۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا تەنها هاوارێکی ئاگادارکردنەوە و بانگەوازێکی فریاکەوتن بوو لەبەردەم ئەو مەترســـــییەی ڕووی لە بـــــوونی قەوارەی گەلـــــی کـــــورد کردبوو...خوێنـدکارە کـوردەکەش عەبـدوڵڵا قـادر بـوو لە سـلێمانییەوە (زازا، ٢٠٠٨ ، ١٦٥ ؛ جعفر، د.م،٧١).

لەبارەی سەرەتاکانی بەراییی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد، وانلی دەڵێت: "لە شاری لۆزان گەیشتم بە برا و هـاوڕێی ڕاسـتگۆ نورەددین زازا کە ١٩٨٨/١١/٧ کۆچی دوایی کرد، کەوا دەسـتێکی بـاڵا و ڕۆڵی بنەڕەتی هەبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٩ کەوا ئێمە لە سـەرەتادا ژمـارەیەک خوێنـدکاری کـورد بـووین کە لە شـەش کەس تێنەدەپەڕین، بەڵام ئیمانمان بە دادپەروەریی کێشـەی گەلەکەمـان وای لـێ کـردین ئەم یەکێتیـیە دامەزرێنـین و هەمـوو خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا بانـگ بکەیـــن بـــۆئەوەی بێـــنە ڕیـــزی ئەم یەکێتیـــیەوە و نـــورەددین زازا بە سەرۆکی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردرا و بە بەشـداریی ئێمە بڵاوکردنەوەی چاپکراوێکی مانگانەی لەسەر شێوەی گۆڤارێک بە زمانەکانی کوردی و ئینگلیـزی و فەڕەنسـی بە نـاوی (دەنگـی کوردسـتان) خسـتە ئەسـتۆی خـۆی، لە بـێ چانسـیمان لە سویسـرا ڕێمـان پـێ نەدرا گۆڤـارەکە چـاپ

بکەین بۆیە ناچار بووین بینێرین بۆ پاریس کەوا کامەران بەدرخان لەوێ بوو، چاپکردنی گۆڤارەکەی لەسەر ئامێری ڕۆنیو گرتە ئەستۆ" (عونی، علی مقربە ، ٤٥٣).

چەند گێڕانەوەیەکی جیاواز هەیە لەبارەی ناوی شەش خوێندکارە دامەزرێنەرەکە، لە توێژینەوەیەکدا کە کەمال فوئاد لە گۆڤاری (هاڤیبوون) لە جووتە ژمارەی (٢ – ٣) کە لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەرلین دەرچووە بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: (هەندێ لەو قوتابییانەی لە ئەوروپا دەیانخوێند وەکو نورەددین زازا، عیسمەت شەریف وانلی، شەوکەت ئاکرەیی و عەبدوڵڵا قادر هەستاون بە دامەزراندنی ڕێکخستنێک بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بۆ ئەوەی ئەمانە وەکو خوێندکارانی گەلانی تر بتوانن واقیعی گەل و نیشتمانەکەیان بە خوێندکارانی جیهان بناسێنن.. ، وا دەردەکەوێ دوو دامەزرێنەرەکەی تر هەریەک لە عەبدولڕەحمان قاسملوو و ئەحمەد قاسملووی برای بێت (جعفر، د.م ، ٧٢ – ٧٣).

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە بە کۆنترین ڕێکخراوە کوردییە نەتەوەییەکان دادەنرێ لە ئەوروپا ئەو خوێندکارە کوردانە دایانمەزراند کە لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەیانخوێند لەوەتەی پێشەنگەکانیان بۆ یەکەم جار بۆ وەرگرتنی زانستەکان لە زانکۆ ئەوروپاییەکان گەیشتنە ئەوێ، و کۆمەڵەکە ڕێکخراوێکی کوردستانی بوو، هەر خوێندکارێکی کورد لە چوار بەشەکەی کوردستان دەیتوانی بچێتە ریزییەوە، خزمەتی گرینگی پێشکەشی خەباتی نەتەوەیی کورد کرد، بووە پاڵپشتی تێکۆشانی ناوەخۆ و سەکۆیەکی میدیایی بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد بۆ ڕای گشتیی جیهانی و تاکە سەرچاوەی هەواڵەکانی کورد و کێشەی کورد و بزاڤی نەتەوەیی سیاسی، بە درێژاییی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول کۆمەڵەکە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان

شۆڕش و دەرەوە بوو، ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکارانی بیانی دەنارده ناوچەکانی شۆڕش و هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە. ژمارەیەک لە کوردی سووریا ڕۆڵی هەرە دیاریان هەبوو لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە و پەرەپێدانی، لەوانەش نورەددین زازا و عیسمەت شەریف وانلی (بدرالدین،٢٠١١، ٤٧).

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٩ واتە دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێکی کەم و بە بانگێشتێکی فەرمی، شاندێک لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە هەریەک لە نورەددین زازا و شەوکەت ئاکرەیی و عەبدوڵڵا قادر و عیسمەت شەریف وانلی لەخۆگرتبوو بەشدارییان کرد لە فیستیڤاڵی دووەمی خوێندکاران و لاوانی جیهانی کە لە شاری بۆدابێستی هەنگاری بەڕێوەچوو[٢] لە ناوەندی نارەزاییی شاندی ئەو حیزبە شیوعییانەی لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە هاتبوون بەتایبەتی حیزبی شیوعی ئێرانی (تودە) و حیزبی شیوعی سووری، بە بیانووی ئەوەی بوونی کۆمەڵەیەکی وەها ناکۆکە لەگەڵ یەکێتیی خوێندکاران و لاوان و چینی کرێکار و نێونەتەوەییی حیزبە شیوعییەکان لەم وڵاتانە.. بەڵام لەبەردەم مکوڕبوونی شاندی کۆمەڵە و هاوسۆزیی هەندێ حیزبی چەپڕەوی ئەمریکای لاتینی و سەرۆکی یەکێتیی لاوانی فەڕەنسی (گی بوانسۆن) کە پەرۆشی ناسینی گەلی کورد بوو کەوا هیچی لەبارەوە نەدەزانین، شاندی کۆمەڵە وەک بەشداربوو مایەوە بەڵام ناچار کرا بە ناوی کوردەوە قسە بکات نەک کوردستان ( زازا، ٢٠٠٨ ، ١٦٦ – ١٦٧ ؛ جعفر، د.م ، ٧٣ – ٧٤)، ئەوەش سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵە لە گەیاندنی دەنگی بە ڕێکخراو و یەکێتییە خوێندکارییە جیهانییەکان.

وانلی هەوڵی دا تێگەیشتن و پاڵپشتیی بزاڤە کرێکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کێشەی کورد وەدەست بێنێ (عوسمان،٢٠٠٩ ، ٦٠ – ٦٢)، وە سووربوو لەسەر پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ بزاڤە

ڕزگاریخوازییەکان لە ناوچەکە و جیهان، لەم چوارچێوەیەدا ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوی (ئەیوکا)ی ڕزگاریخوازی ئەوکاتی قوبرس کرا کە شەڕی پارتیزانی دەکرد دژ بە هێزە ئینگلیزی و تورکییەکان کە دەستیان بەسەر قوبرسدا گرتبوو، ئەنجامی ڕێککەوتنەکە ئەوە بوو ڕۆژنامەی (الوجدان) لەژێر سەرپەرشتی ڕۆژنامەوانی ئاشووریی ناسراو (یوسف ملک) لە کوردستانی عێراقەوە دەرکرا، ئەوەش لە بەیرووتی پایتەختی لوبنان، وە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی – چالاکییەکانی ڕێکخراوی ئەیوکا زێدەباری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ڕەوشی گەلی کورد، پاشان دوای ئەوە ڕۆژنامەیەک بە ناوی (الحریة) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکرا ئەویش هەر لەژێر سەرپەرشتی ڕۆژنامەوانی ناسراو، لە گرینگترین نووسەرانی کورد لەم چالاکییەدا هەر یەک لە دکتۆر نوری محەمەد دەرسیمی و ڕەوشەن بەدرخانی ئەدیب و پەروەردیار و حەسەن هشیار سەردی و هەندێ قەڵەم لە کوردستانی عێراق بوون، وە لە سویسراش: نورەددین زازا و عیسمەت شەریف وانلی بوون، ئەم ڕۆژنامەیە بە هۆی هەڵکشانی شۆڕشگێڕی و دیموکراتی کە ناوچەکەی گرتبوویەوە و بە شێوەیەکی تایبەت لە سووریا بەئاسانی لەناو جەماوەر دابەش دەکرا (مصطفى و درويش، ٢٠١٣، ٣٠٨).

### ٣. ١ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا لە فیسبادن (Wiesbaden) ساڵی ١٩٥٦:

شیاوی باسە خوێندکارانی کورد سەرەتا هەستان بە دامەزراندنی یەکێتیی خوێندکارانی کورد کە دواتر ناونرا کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد. لەبارەی جیاوازیی نێوان دوو ناولێنانەکە وانلی دەڵێ: یەکێتییەکەمان وێستگەی یەکەم بوو بەتایبەتی لە سویسرا بەڵام لە کارکردن نەوەستاین لە پێناو فراوانکردنی چالاکییەکانی یەکێتییەکە،

دوای تێپەڕبوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتییەکەمان و زیادبوونی ژمارەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ئیتر وا پێویست بوو ڕێکخراوێکی گەورەتر و فراوانتر بۆ سەرجەم خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دامەزرێت، ئەمەش ڕووی دا کەوا من و نورەددین زازا لە سویسرا لەگەڵ هاوڕێیانی ترمان لە ئەوروپا (دارا تۆفیق، سەعدی حەمەدئەمین دزەیی، تەحسین هەورامانی، زاهیر حوسێن، نیهاد ماجید مستەفا) بەشداریمان کرد لە گرێدانی کۆبوونەوەیەک لە شاری (فیسبادن)ی ئەڵمانی، کەوا هەمووان ڕێککەوتن لەسەر ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و ئەوەش لە ڕۆژی ١٩٥٦/٨/١٠ ڕێککەوتنی لەسەر کرا کە ڕۆژگارێک ئەم ڕێکخراوە بووە باڵوێزی کورد و کوردستان لە ئەوروپا (عونی، ذاكرة...، ٦٧٨ ؛ عونی، علی مقربة، ٢٠١١ ، ٤٥٣ – ٤٥٤).

بەم جۆرە و دوای تێپەڕبوونی هەشت ساڵ بەسەر گەیشتنی وانلی بە ئەوروپا و شەش ساڵ بەسەر کۆنگرەی دامەزراندن کە دواتر چالاکییەکانی سڕکرد بە هۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکان و بەرهەڵستکاریی گرووپە شیوعییەکانەوە، عیسمەت شەریف وانلی لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە لاوانی کورد کە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئەوروپا دەیانخوێند دەستی کرد بە دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد کە وەک باڵوێزخانەی کوردستان لە دەرەوە وابوو، دوای چەند تاوتوێ و پەیوەندییەکی چڕ کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەکە لە شاری فیسبادنی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٥٦ گرێ درا، ئەوەش لە ماوەی نێوان (١٠ – ١٦)ی ئابدا. لە یادەوەرییەکانیدا عیسمەت شەریف وانلی باسی ئەم بابەتەی کردووە و وتوویەتی: کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپامان لە فیسبادن لە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراند کە تەنها ١٧ یان ١٨ خوێندکار بووین کە هەموویان لە کوردی عێراق یان سووریا بوون.

هەندێکیان شیوعی یان لەژێر کاریگەریی حیزبە شیوعییەکان بوون. ئەوانە حەزیان بە دامەزراندنی هیچ کۆمەڵەیەکی کوردی نەدەکرد بەهۆی بوونی یەکێتی گشتی خوێندکارانی عێراقی یان سووری یان ئێرانی، پاشان بە هۆی سووربوونمانەوە قەبووڵیان کرد، لە هەڵبژاردندا زیاتر لە دەنگێکیان بەدەست هێنا – چونکە من دەنگم بە خۆم نەدابوو – و کۆمەڵەکە وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە، هەڵوێستی خوێندکارە شیوعییە کوردەکان لە کێشەی کورد نزیکتر بوو لە هەڵوێستی (کۆسمۆپۆلیتی – نانەتەوەیی) و لە کۆمەڵەی تایبەت بە خۆیان کاریان دەکرد کە لە سیاسەتەکانیدا لە بازنە شۆڤینییە نەتەوەییە زاڵەکان لە وڵاتانی دابەشکاری کوردستان دەرنەدەچوون. ئەم سیاسەتە لە قۆناغەکانی دواتر سەری کێشا بۆ وازهێنانی ژمارەیەک لە خوێندکارانی کورد لە حیزبە شیوعییەکان و پەیوەندیکردنیان بە ریزەکانی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان و لەنێویاندا کەسایەتیی وەها دەرکەوتن کە ڕۆڵیان لە بزاڤی رزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا گێڕا، لەنێویاندا عەبدولڕەحمان قاسملوو کە لەبەر مەیلی بۆ شیوعییەت ئامادەی کۆبوونەوەی خوێندکارانی کورد لە پراگ نەبوو ( وانلی , ٢٠١٤ ، ٢٧ – ٢٨).

لەسەر دژایەتی قوتابییە شیوعییەکان وانلی دەڵێ: (ئێمە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپامان پێکهێنابوو، واتە دوای کۆنگرەی ساڵی ١٩٥٦ کە لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەسترابوو. ئەم کۆمەڵەیەی ئێمە لە ١٩ کەس پێکهاتبوو، هەندێک لە خوێندکارانی عێراقی سەر بە پارتیی کۆمۆنیستی عێراق لەنێو ئێمەدا هەبوون دەیانوت: پێویست نەبوو ئێوە ئەم کۆمەڵەیەتان ساز بکردایە، چونکە پێشتر ڕێکخراوی خوێندکارانی عێراقی هەبوو. ئەمیش هەر بۆ کورد هەوڵ دەدات. هەروەها کۆمەڵەی ئێرانی یان تورکی هەنە، ئەوەندە بەس نییە؟ ئەوانیش بۆ ئێوە

کاردەکەن..) شتی پێویست ئەمە بوو: ئێمە گوێمان لەوان نەگرت و کۆمەڵەی خۆمانمان دامەزراند ( بەرخودان، ٦ – ٧).

لە ماوەی هەفتەیەکی تەواو لە گفتوگۆ و وتوویژ لەبارەی دەستوور و ئامانجەکانی کۆمەڵە، بەشداربووانی کۆنگرە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵەیەک بە ناوی (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) لەجیاتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپامان بە گوێرەی ئەوەی لە کۆنگرەی دامەزراندن هاتووە بە هۆی بەرهەڵستی زۆربەی دەنگەکان و دەنگنەدانی یەکێکیش لەسەر ناوە کۆنەکە بەپێی قسەی عیسمەت شەریف وانلی. بەو مەرجەی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە تەنها تایبەت بێت بە کارە ڕۆشنبیرییەکان، واتە دوور بێت لە خەمە نیشتمانی و سیاسییەکانی کورد، بە واتایەکی تر قەتیسکردنی چالاکییەکانی لە چوارچێوەی یەکترناسینی خوێندکارانی کورد و کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی خوێندنیان و ئەنجامدانی هەندێ چالاکیی ڕۆشنبیری، ئەوەش بە فشاری ئەو خوێندکارە شیوعییانەی دژی بە نێودەوڵەتیکردنی مەسەلەی کورد بوون. عیسمەت شەریف وانلی لە یادەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە و وتوویە: (لەژێر کاریگەریی حیزبە شیوعییەکاندا ئەوانە حەزیان بە دامەزراندنی هیچ کۆمەڵەیەکی کوردی نەدەکرد لەبەر بوونی کۆمەڵەی خوێندکارانی عێراقی یان سووری یان ئێرانی) (جعفر، د.م، ٧٩؛ وانلی، ٢٠١٤ ، ٢٧ – ٢٨).

وێڕای ئەوە و لە ئەنجامی سووربوونی هەریەک لە عیسمەت شەریف وانلی و نورەددین زازا و سەعدی دزەیی و ئەوانیتر کۆنگرە ژمارەیەک بڕیاری گرینگی دا کە لایەنگرانی شیوعییەت بە قورسی و ناخۆشییەوە پەسندیان کرد، لە گرینگترینیان: (کورد هەموو بنەماکانی نەتەوەی هەیە و مافی گەلی کورد لە بڕیاردانی چارەی خۆنووسین)

زێدەباری چەند بڕیارێکی تر، لە ڕۆژی کۆتاییی کۆنگرەدا لیژنەیەکی کارگێڕیی گشتی بۆ کۆمەڵە هەڵبژێردرا لە هەریەکە لە: ئەحمەد زمجی[٣] بە سەرۆک و عیسمەت شەریف وانلی بە جێگری سەرۆک و بەدیع قوتب و دارا تۆفیق صالحی و دانیش عارف ئەندامانی دەستەی کارگێڕی، ئەمەی دوایی بە ئەمین سندووق دانرا، بەڵام دامەزرێنەران بەپێی ئەوەی لە وتارێکی کەمال فوئاد لە گۆڤاری (هاڤیبوون)ی ژمارە (٢ – ٣)ی ساڵی ١٩٩٨ هاتووە هەریەک لەمانە بوون (جعفر، د.م ، ٧٩ – ٨٤).

لەبارەی گرینگیی کۆنگرەکە و بڕیارەکانییەوە عیسمەت شەریف وانلی دەڵێ: (...کۆبوونەوەکەمان کۆبوونەوەیەکی مێژووییە، لە گەشەکردنی بزاڤی کوردی و هۆشیاریی دروست گرینگیی خۆی دەبێ و، چاو و دڵی گەلی کورد ڕوومان تێ دەکات...)، بەڕاستیش، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بووە سەکۆیەک بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد و بەرگری لێکردنی.

## ٣. ٢ گرێدانی کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە و هەڵبژاردنی عیسمەت شەریف وانلی بە سەرۆک:

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بە سەرکردایەتیی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) ئاسۆگەلێکی نوێی بۆ بزاڤی نەتەوەییی کورد کردەوە کە شوێنی پێشەوەی لە عێراق گرتبوو و کردبوویە ماددەیەک بۆ بەنێودەوڵەتیکردن و جێپەنجەی بە هێزەوە بەسەر بزاڤی خوێندکارانی کورد لە دەرەوە دانابوو بۆ چوارچێوەدارکردنی خەباتی. لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمموز وانلی دەڵێت: (دوای شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ بارودۆخی سیاسی لە عێراق گۆڕا و ماددەی سێیەمی دەستووری کاتیی عێراقی بووە بەردی بناغەی یەکەم بۆ هاوبەشیی کورد و عەرەب وەک

بەڵگەنامەیەکی یاسایی لە لایەن عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی نوێوە، دوای ئەم ڕووداوە برووسکەیەکی پاڵپشتی و پشتگیریمان بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بۆ سەرۆک عەبدولکەریم قاسم نارد ( عونی، علی مقربه...، ٤٥٤ – ٤٥٥).

لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ (نعمان ماهر التكريتي) سکرتێری کاروباری ڕۆژنامەوانی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق وەڵامی نامەکەی وانلی دایەوە، لە وەڵامەکەدا هاتووە: (...سەرۆک عەبدولکەریم قاسم نامە پڕ لە هەستی نیشتمانییەکەی بەڕێزتانی بەرانبەر کۆماری عێراقی لاوی بینی، لێرەدا تەنها ئەو وتەیەت بۆ دەگوازمەوە کە سەرۆکی پاڵەوانی ڕزگارکەرمان لە کاتی سەردانی شاندی خوێندکارانی کوردستانی عێراق لە بارەگای سەرەکی لە وەزارەتی بەرگری لە ١٩٥٨/٩/١٨ کردی و وتی: (هیچ گومانێکی تێدا نییە کە برا کوردەکانمان هەزاران ساڵە لەگەڵ ئێمەدا ژیاون و لەسەر ئەم زەوییە پاکە خوێنمان تێکەڵی خوێنیان بووە لە ئەنجامی شەڕکردنی پێکەوەمان دژی بێگانە، سەرباری ژن و ژنخوازی نێوان کورد و عەرەب خەڵکی چیاکان تێکەڵی خەڵکی دەشتەکان بوون و بوون بە یەک بارستە..)، هەروەک لەگەڵ نامەکەدا دیارییەکیشی ناردبوو کە گوزارشت بوو لە وێنەیەکی واژۆکراوی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم، سەبارەت بە ماددەی سێی دەستوور، وانلی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گرنگییەکەی لە دانانی حکومەتی عێراقدایە بەوەی کورد هاوبەشن لەگەڵ عەرەب لە عێراق و گرەنتی مافە نەتەوەییەکانیان کراوە، ئەم بابەتەش گرینگییەکی گەورەی هەبوو چونکە حکومەتە پاشاییە یەک لە دوای یەکەکان دانیان بە مافی دەستووریی کورد لە عێراق نەناوە، هەروەک وڵاتانی تریش کە کوردستانیان دابەش کردووە، ئێران و تورکیا و سووریا دانیان بە مافە هاوشێوەکانی کورد نەناوە. لەگەڵ

ئەوەشــدا وانلــی جەختــی کــردەوە لەوەی ئەم دانپێــدانانە بە تیــۆری دەمێنێــتەوە چــونکە جــۆر و چــۆنێتیی ئەم هاوبەشــییەی کــوردی لە دەوڵەتــدا روون نەکــردۆتەوە. هەروەک مــاددەی دوو لە دەســتوور کە عێـراق بە بەشـێکی جیـانەکراوە لە نەتەوەی عەرەب دادەنــێ ناســاز و هاودژە لەگەڵ ماددەی سێیەمی کە دان دەنێ بەوەی عێراق دەوڵەتێکی دوو نەتەوەییە (عبدالرحمن و محمد، نوروز ، ٢٠١٤، ١٥٧).

لەم بـارەیەوە وانلـی لە یادەوەرییەکانیـدا نووسـیویەتی و دەڵێـت: (دوای شۆڕشــی عەبـدولکەریم قاســم و ڕووخــانی پاشــایەتیی عێـراق کۆبوونەوەیەکی گشتیمان لە لەندەن لە سـاڵی ١٩٥٨ ڕێکخسـت، لێرەدا هەمـواری دەسـتووری کۆمەڵەمـان کـرد و برایـان منیـان بە سـەرۆک هەڵبــژارد (وانلــی، ٢٠١٤ ، ٢٨)، لەم نــاوکۆیەدا و بەکردەیــی، هــاتنی کۆمـاری لە عێـراق دەرگـای کـردەوە بـۆ سیاسـەتێکی بەخشـندانەتر بـۆ بەخشینی مینحەی خوێندن بەو خوێندکارانەشـەوە کە کوردن. ئەوەش تەفسـیری ئەوە دەکـات بـۆچی لقـی یەکەم و هەرە بەهێـزی (کـۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا KSSE)[٤] لقـی بەریتانیـای مەزن بـوو. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەو کوردانەی مینحەی خوێندنیان وەرگرتبوو یارمەتیی ڕاستەوخۆیان لە وڵاتە شیوعییەکانەوە پێ گەیشت لە میانەی ئەو پەیوەندییانەی پـارتی دیمـوکراتیی کوردسـتان لە یەکێتیی سـۆڤیەت دایمەزرانــــدبوو، بەپێــــی سیســــتمی بنەڕەتیــــی کــــۆمەڵە، ئامــــانجە سەرەکییەکانی KSSE بریتی بوو لە: بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. ئاسانکاری هاوکاریی نێوان خوێندکاران (بەهێزکردنــی ڕۆشــنبیریی کــوردی و دامەزرانــدنی پەیوەنــدی لەگەڵ کۆمەڵە خوێندکارییەکانی تر کە لە هەمان ئامانجدا هاوبەشن. دواتر و لە ناوکۆی خەباتی چەکدار لە عێراق، KSSE پاڵپشتییەکی بابەتی بۆ خەباتی کـوردی زیـاد کـرد، هەروەهـا پاڵپشـتیی سـەرجەم گەلان کە بەرەنگـاری

ئیمپریالیزم و هەر شێوەیەک لە شێوەکانی دیکتاتۆرییەت دەبێتەوە (Gorgqs, 2009 , 14)

ئەوەی بەستنی کۆنگرەی لەندەنی خێراتر کرد داوای خوێندکاران بوو بۆ گرێدانی و کاراکردنی ڕۆڵی کۆمەڵە و رزگارکردنی لە دۆخی وەستان و چەقبەستن بە هۆی تەنبەڵی کردنی ئەحمەد زمجی سەرۆکی کۆمەڵە و دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕی هەریەک لە دانیش عارف و بەدیع قوتب لە هەستان بەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە بە درێژاییی زیاتر لە ساڵ و نیوێک بە بیانووی کەمیی کاتیان و کەمیی توانای ماددی. عیسمەت شەریف پێی وابوو ئەمان شیوعین و چاکەیان بۆ کۆمەڵە ناوێت، بۆیە بۆ کۆنگرەی ناوبراو بانگێشت نەکران.

لە ئاداری ١٩٥٨ عیسمەت شەریف وانلی لە بانگەوازێکدا داوای لە خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کرد بێنە ڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە لەو بانگەوازەدا هاتووە: (گەلی گەورەی کوردمان پێویستی پێمانە و ئێمە دەتوانین لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە ئەرکمان لە خزمەتکردنی هەستین ئەگەر لە رووی مەعنەوی و ماددییەوە پاڵپشتیی یەکترمان کرد و یەکمان گرت و لە چوارچێوەی سۆزەوە بەرەو چوارچێوەی کاری بوێرانە و جێبەجێکردنی هاوسەنگ چووین. ئەی خوێندکارانی کورد لە هەر کوێیەکن لە نێوان خۆتاندا یەکبگرن بۆ خزمەتکردنی ڕۆشنبیریی نیشتمانیی کوردی، ئەوەش دروشممانە...) (عبدالرحمن و زكريا، نوروز، ٢٠١٤، ١٥٧).

لە ماوەی ڕۆژانی ٢ – ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٥٨ بە ئامادەبوونی ٥٨ ئەندام لەناویاندا خوێندکار نازدار ڕەشید جەودەت لە باشووری کوردستان، کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە لەندەن گرێ درا. هەموو ئامادەبووان لە لەندەن دەیانخوێند جگە لە عیسمەت شەریف وانلی کە لە سویسرا بوو وە عومەر دزەیی کە لە نەمسا بوو.

لە دووتوێی بڕیارەکانی کۆنگرە بڕیارێک بوو بە دەرکردنی گۆڤارێک بە ناوی (Kurdistan) بە زمانی ئینگلیزی و یەکێکی تر بە هەمان ناو بە زمانی کوردی (ئەلفوبێی عەرەبی) و زمانی عەرەبی، کەوا سەلاح سەعدوڵلا سەرۆکایەتی نوسخە ئینگلیزییەکە بکات و زاهیر حوسێن سەرۆکایەتیی نوسخە کوردی و عەرەبییەکە بکات، لە کۆتاییی کۆنگرەدا، عیسمەت شەریف وانلی بە سەرۆکی کۆمەڵە و عومەر دزەیی بە پێشنیازی عیسمەت شەریف بە جێگری هەڵبژێردرا (بەپێی وتەی عومەر دزەیی) لەبەرئەوەی سویسرا و نەمسا لە یەکتر نزیکن و بەرپرس لە لقی نەمسا و هەروەها بەرپرس لە پەیوەندییەکان لەگەڵ خوێندکارانی کورد لە ئەستەنبوڵ لە تورکیا لەبەرئەوەی پێشتر لەوێ دەیخوێند، وە هەڵبژاردنی زاهیر حوسێن بە سکرتێری گشتیی کۆمەڵە و هەریەک لە: سەعدی دزەیی و تەحسین هەورامی و صەلاح سەعدوڵلا بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی (جعفر، د.م، ٩٢ – ٩٣). بە هۆی ڕۆڵی عیسمەت شەریف وانلی و دەستەی کارگێڕیی نوێوە کۆمەڵەکە ڕێگایەکی دروستی گرتەبەر.

### ٣. ٣ کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە:

کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵە بیست ڕۆژ دوای ڕووخانی پاشایەتی لە عێراق هات، ئەوەش لە ماوەی نێوان ٤ – ٨ی ئابی ١٩٥٨ لە شاری میونیخی ئەڵمانیا بە بەشداریی ٢٠ خوێندکاری کورد، لەنێویاندا نیزامەددین کایا (سەردار ئاراراتی) لە باکوری کوردستان، ئەو یەکەم خوێندکاری کوردی ئەم بەشە بوو کە چووە ریزی کۆمەڵەوە (جعفر، د.م ، ٩٩)، شیاوی باسە، ئامادەبوونی عوسمان گوڵشین نوێنەری لاوان و خوێندکارانی باکوری کوردستان کە لە بەرلین دەیخوێند و میوانەکانی هەندێ یەکێتیە خوێندکارییەکان لە ئەوروپا لە نێویشیاندا نوێنەری خوێندکارانی عێراقی و یەکێکی تر لە خوێندکارانی ئوردن،

ئەوە لەو کاتەدا زۆر گرینگ بوو وەک دیاردەیەکی نویَ بۆ کرانەوە بە ڕووی بزاڤی کوردی لە میانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە.

دوای ئەوەی عیسمەت شەریف وانلی سەرۆکی کۆمەڵە لە وتاری کردنەوەدا بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد، چووە سەر باسی دۆخی گەلی کورد لە باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مومارەسەی سیاسەتی نکوڵیکردن دەرهەق کورد لەسەر خاکی مێژوویی خۆیدا[٥]، هەروەها شۆڕشی ١٤ی تەمموزی بە شۆڕشی ئازادی و دیموکراتی بەسەر ستەم و گەندەڵی و ئیستیعمار، شۆڕشی هەردوو گەلی عەرەب و کورد ناوزەد کرد، وە باسی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە مەنفاکەی لە یەکێتیی سۆڤیەت و دانانی دەستووری کاتی عێراق لە ماددەی سێیەمیدا کرد بەوەی کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن، چالاکییەکانی کۆمەڵەی لە نێوان کۆنگرەی دووەم و ماددەی سێیەم خستەڕوو. هەروەها پێشنیازێکی خستە بەردەم بەشداربووانی کۆنگرە بە گۆڕینی ناوی کۆمەڵە لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) بۆ (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)، ئەندامانی کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ بە پێشنیازەکە رازی بوون و کۆمەڵەی لەو کۆتوبەندانە رزگار کرد کە لە کۆنگرەی یەکەم بەسەریدا سەپابوون، ناوەکە بووە (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا KSSE) بۆ ئەوەی بواری لە بەردەمدا بکرێتەوە بەشداری بکات لە چالاکییە سیاسییەکان هاوشێوەی ڕێکخراوە خوێندکارییە جیهانییەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ئابرووبردنی سیاسەتە شۆڤینی و ڕەگەزپەرستییەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان[٦]، هۆکاری ئەم دەسکەوتەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی عیسمەت شەریف وانلی کە لە ماوەیەکی کورتی وەرگرتنی سەرۆکایەتیی کۆمەڵەدا توانی گۆڕانکارییەکی ریشەیی لە دەستوور و بناغە و پێکهاتەی کۆمەڵەکە بکات.

لە کۆتاییی کارەکانیدا کۆنگرە ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەی دەرکرد، وەکو: ناردنی برووسکەگەلێک بۆ عەبدولکەریم قاسم و جەمال عەبدولناسر، تێیدا سوپاسی کردن لەسەر کردنەوەی رادیۆی کوردی لە قاهیرە، برووسکەیەک بۆ (هامیر شولد) سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بە بۆنەی گرێدانی خولی ئاوارتە (اسثنائي) بۆ باسکردنی گرفتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تێیدا هاتبوو: (لێرەدا مەسەلەیەک هەیە کە رۆژنامەوانیی جیهانی بە دەگمەن نەبێ لەبارەیەوە نانووسێت، کە دەشنووسێ بەزۆری بە شێوەیەکی نالۆژیکییە، ئەوەش مەسەلەیەکە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لەوەتەی پەیماننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ەوە باسیان نەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی زیندووە، ئەوەش مەسەلەی کوردە) کۆمەڵە داوای لێ کرد (دۆسیەی کوردی) بخاتە نێو خشتەی کارەکانی بۆ ئەوەی سەرنجی جیهان و بەتایبەتی سەرنجی وڵاتانی ئەندام لە دەستەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاکێشێت، نامەکە لە کۆتاییدا روونی کردەوە: (ئاشتیی بەردەوام ناکرێت لەم ناوچەیەی جیهان بێتەدی ماتووڵ مەسەلە سەرەکییەکانی بێ چارەسەریی دروست بمێننەوە و ستەم دەرهەق گەلی کورد پەیڕەو بکرێت، ئەم گەلەی وڵاتە زلەکان لە کۆنگرەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ خیانەتیان لێ کرد...) ، کۆمەڵە وەڵامنامەیەکی لە سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەست گەیشت کە تێیدا هاتبوو کە نامەکەی کۆمەڵە سەرنجی پێویستی لە لایەن دەسەڵاتدارانی تایبەتمەندەوە پێ دەدرێ، هەروەک لیژنەی کارگێڕیی گشتیی کۆمەڵە وەڵامنامەیەکی لە جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میصر پێگەیشت کە تێیدا هاتبوو: (کێشەی کورد پێویستی بە چارەسەرە، پێشتر پێشنیازمان کرد و ئێستاش دووبارەی دەکەینەوە، بۆچی کۆنگرەیەکی هەرێمایەتی لەبارەی ئەم بابەتە گرێ نادرێ کە وڵاتە پەیوەندارەکان و کوردی هەموو بەشەکان

تێیدا ئامادەبن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە بە سەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان...) (Kurdistan Published.., 1958, 9؛ جعفر، د.م ، ١٠١)

هەروەک کۆنگرە نامەیەکی نارد بۆ سەرۆکی یەکێتیی کۆمارەکانی سۆڤیەتی و بانگەوازێک بۆ گەلی کورد لە هەموو کوردستان و دەرەوەیدا بۆ یەکڕیزی و یەکخستنی هێزەکان لە پێناو وەدەستهێنانی ئازادی و یەکگرتنەوەی کوردستانی نیشتمانیان. هەروەک کۆنگرە دوو نامەی بە ناوی کۆمەڵەوە نارد، یەکەم بە بەرواری ١٤ی ئابی ١٩٥٨ بۆ یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی تێیدا داوای چوونەڕیزی کرد، نامەی دووەمیش بۆ یەکێتیی لاوانی دیموکراتیی جیهانی تێیدا داوای پێویستیی قەبووڵکردنی (لاوانی دیموکراتیی کوردستانی باشوور)ی وەک ئەندام لە یەکێتیی ناوبراو کرد. وە یاداشتێکی نارد بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوای لێ کرد لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بکاتەوە لەبارەی ئەو برووسکەیەی لە ڕۆژنامەی (لیمۆند)ی فەڕەنسی بڵاو کراوەتەوە لەبارەی بۆردومانکردنی کوردستانی باشوور بە بۆمبی ئەتۆمی...). شیاوی ئاماژەپێدانە عیسمەت شەریف سەرجەم ئەم نامە و بڕیارانەی بە ناوی لیژنەی کارگێڕییەوە نووسی. لە بڕیارەکانی کۆنگرەدا هاتووە: (لەبەرئەوەی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی گشتی لە گرینگترین بایەخ پێدانەکانمانە و هیچ گومانێکمان نییە لەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دەتوانێ لە سنوورێکی فراواندا خزمەتی ئەم کێشەیە بکات، لەبەرئەوە ئێمە سوورین لەسەر خزمەتکردنی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەک و ناساندنی کوردستان و گەلی کورد بە گەلانی ئەورووپی ( Kurdistan Published.., 1958, 3؛ جعفر، د.م ، ١٠١)

کۆنگرە دووبارە عیسمەت شەریف وانلی (سویسرا) بە سەرۆکی

کۆمەڵە هەڵبژاردەوە، وریا ڕەواندزی (نەمسا) بە جێگر و، دارا تۆفیق بە سکرتێری گشتی (بەریتانیا) و کەمال فوئاد و راجح بەدراوی (ئەڵمانیا) ئەندامانی دەستەی کارگێڕی. کۆنگرە لە کۆتاییی کارەکانیدا راگەیاندنی کۆتایی دەرکرد(٧). شیاوی ئاماژە پێدانە کە بە کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە کۆمەڵە ئاهەنگێکی سازکرد کە خوێندکارانی ئەوروپی ئامادەی بوون و هەندێ خوێندکاری ئەڵمان دروشمیان دا و وتیان: بژی دۆستایەتیی ئەڵمانی – کوردی) (ئەحمەد، ٢٠١١ ، ٦٤).

### ٣. ٤ کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد:

کۆنگرەی چوارەمی کۆمەڵە لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا لە ٢٣ – ٢٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٩ گرێ درا، ژمارەی نوێنەرانی کۆنگرە گەیشتە ٤٠ ئەندام واتە دوو هێندەی کۆنگرەی پێشوو، ئەوەش ئاماژەیە بۆ گەشەکردنی رۆڵی کۆمەڵە و دروستکردنی لقەکانی لە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەوروپی. لەنێو میوانەکانی کۆنگرە (دریە محەمەد عەلی عەونی) بوو کە لە پاریس وەک رۆژنامەوان کاری دەکرد و کامەران بەدرخان و رەشید عارف ئەندامی فەخری کۆمەڵە.

کۆنگرە کارەکانی بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵە عیسمەت شەریف دەستی پێکرد کە بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و تیشکی خستە سەر دۆخی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و، نامەی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە کە بۆ کۆنگرەی ناردبوو. دوای ئەوە کامەران بەدرخان وتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا ستایشی چالاکی خوێندکارانی کوردی لە ئەوروپا کرد و داوای لێ کردن کاری زیاتر بکەن بۆ ناساندنی کێشەی کورد و کوردستان بە ڕای گشتیی ئەوروپی و جیهانی و بایەخدان بە خوێندنیان بە ئامانجی وەدەسهێنانی بڕوانامەی بەرز لە سەرجەم پسپۆڕییەکان و گەڕانەوە بۆ نیشتمان بۆ خزمەتکردنی گەل و

نیشتمانیان[٨].

بە کۆتاییهاتنی کارەکانی، کۆنگرە کۆمەڵێک بڕیار و ڕاسپاردەی دەرکرد کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی دەنواند لە داواکردنی وڵاتانی دابەشکاری کوردستان بە وازهێنان لە چەوساندنەوە و داننان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، هەروەها وانلی بە سەرۆکی کۆمەڵە و کەمال فوئاد بە سکرتێری گشتی و هەریەک لە سەعدی دزەیی و وریا ڕەواندزی و هی تر بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردران.

**٣. ٤. ١ چالاکییەکانی ئەورووپای عیسمەت شەریف:**

لەو کاتەی کە نورالدین زازا کە لە سویسرا دەیخوێند گەڕایەوە بۆ سوریا تاکو حزبێکی تایبەت بە ڕۆژئاوای کوردستان دابمەزرێنێت بەناوی پارتی دیموکراتی کورد – سوریا (الپارتی) ئەم پارتەش دامەزرێندرا لە ساڵی ١٩٥٧[٩]. ئەم گەڕانەوەیە وەک لەنووسینی عیسمەتی شەریف وانلی زیاتر ڕێگەی داوەتە ئەوەی دوایی بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی خوێندکاران بگرێتە دەست. وانلی بەم جۆرە ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت: "نورەددین زازای کۆچکردوو دەستپێشخەری کردبوو لە داواکردنی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، بەڵام پاش کۆنگرەی فیسبادن لە ساڵی ١٩٥٦، ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ سوریا و لە ساڵی ١٩٥٨ ەوە بە ناوی کۆمەڵەوە لە ئەورووپا گەشتم دەکرد (وانلی، ٢٠١٤، ٢٨)" سەلاح بەدرەدین سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ یەکتر نووسیویەتی: "ئاشکرایە دکتۆر زازا پەیوەندییەکی کۆنی بە وانلی هەبووە کە لە سویسرا ژیاوە و لە کاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەودا پێش مردنی لە بارەی دکتۆر وانلییەوە پرسیارم لێکردووە بەشێوەی بێزار وەڵامی داوە: باش دەیناسم ، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی سیاسیم پێوە نییە" (بدرالدین،٢٠٢٠ ، ٤٧)

بە جۆرێک هەر لە سەرەتاوە عیسمەتی شەریف وانلی وەک

چالاکوانێکی سیاسی و خوێندکارێکی بەتوانا دەرکەوت و ئاگاداری ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە بوو کە کەوتبووە سەر شانی، و درکی بە گرنگی ناساندنی دۆزی کورد لە گۆڕەپانی ئەوروپادا کردبوو، و بەو هۆیەشەوە سەردانی ئەڵمانیا و سوید و سەردانی لینینگراد و مۆسکۆی کرد و چاوی بە کەسایەتییە کوردەکان کەوت کە لەبواری کوردۆلۆجیدا کار دەکەن و لەنێویشیاندا پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ (کردۆیڤ) و برایانی جەلیل و ئەردۆخان جەلیلی. ماوەی گەشتەکەی بەچەند وتارێک لە ڕۆژنامەی خەبات بڵاوکراوەتەوە (وانلی، ٢٠١٤، ٢٨). لە ساڵی ١٩٥٩ لە سەردانەکەی دواییدا بۆ ئەوروپا چاوی بە جەلال تاڵەبانی کەوت[١٠].

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بەخێرایی بوون بە واقیع و هێزێکی کاریگەر لەگۆڕەپانی سیاسیدا کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پێشەکی و بەرگری و بەجیهانیکردنی دۆزی کورد لە کۆمەڵگای ئەوروپی لە کۆنفرانس و چالاکییە جەماوەرییەکانی بزووتنەوەی قوتابیانی جیهانی. ئەمەش وای لەخوێندکارانی کۆمۆنیستی کورد کرد کە نزیک ببنەوە لەکۆمەڵەکە و بەشداری تێدا بکەن. وانلی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێکرد: "بەهۆی چالاکی کۆمەڵەکە و بەرزبوونەوەی ناوی لە کوردستان، خوێندکارە کۆمۆنیستەکان دەستیان کرد بە سووربوون لە سەر ئینتمایان بۆی (ئەوە هەر ئەوانیش بوون کە پێشتر بایکۆت و حەزیان بە بوونی نەدەکرد)، بەڵام ئێمە ڕەتمان کردەوە کە تەنها ژمارەیەکمان لێ قەبوڵ کردن. زۆرینەی هەرە زۆری ئێمە لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و بارزانیش قارەمانی گەلەکەمان بوو (وانلی، ٢٠١٤، ٢٨).

سەلاح بەدرەدین سیاسەتمەداری کوردی سوریا لەبارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردەوە نووسیویەتی: "لە ڕۆژی ١٩٦٨/١/١٤ دەستگیرکرام لەسەر سنووری لوبنان و سوریا دوای گەڕانەوەم لە

بێلگراد، و ئامادەبوونم لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا کە یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوە ناسیونالیستە کوردەکان لە ئەورووپا و لەلایەن ئەو خوێندکارە کوردانە دامەزرابوو کە لە وڵاتانی ئەورووپی دەیانخوێند، خزمەتی گرنگی بەخەباتی نەتەوەیی کورد کردووە و بۆتە پاڵپشتێک بۆ خەباتی ناوخۆو پلاتفۆرمێکی ڕاگەیاندن بۆ خستنەڕووی پرسی کورد بۆ ڕای گشتیی جیهان و تاکە سەرچاوەی هەواڵی کورد و دۆزی کورد و بزووتنەوەی ناسیونالیستی سیاسی، و بەدرێژایی ساڵانی ژمارەیەک لەکوردانی سوریا دیارترین ڕۆڵیان بینیوە لەدامەزراندن و گەشەپێدانی ئەو کۆمەڵەیەدا کە نورالدین زازا و عیسمەتی شەریف وانلی لەوانەبوون (بدرالدین، ٢٠١١، ٤٧).

### ٣. ٤. ٢ عیسمەت شەریف وانلی و یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی:

عیسمەت شەریف ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی و ناساندنی مەسەلەی کورد بە یەکێتییە خوێندکارییە جیهانییەکان، لە بارەی ئەم ڕۆڵەیەوە عیسمەت شەریف وانلی نووسیویەتی: (بە هۆی گەشتەکانمەوە بۆ یەکێتیی سۆڤیەت کۆمەڵە پەیوەندیی دۆستایەتی هەبوو لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی کە سەرۆکەکەی ناوی (پلیکان pelican) بوو، چیکییەکی پراگ بوو و ملکەچی ڕێنماییەکانی حیزبی شیوعی بوو. بەڵام چاک و ڕاشکاو بوو. سەنتەری یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی لە پراگ بوو. لە کۆنفرانسی جیهانیی خوێندکاران کە لە یاڵتا لەسەر دەریای ڕەش لە ساڵی ١٩٥٩ بەڕێوەچوو بە ناوی کۆمەڵەوە بەشداریم کرد و نوێنەرێک لە ڕێکخراوی یونسکۆوە بەشداری کرد و، دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنفرانس ناوی من و ناوی کۆمەڵەی لە لائیحەی (ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان) لەخۆگرتبوو نەک وەک ڕێکخراوێکی خوێندکارانی نیشتمانی وەک ڕێکخراوەکانی تر، منیش ئەوەم

ڕەتکردەوە. وانلی دەڵێت: (داوایەکم پێشکەش کرد بۆ ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ببێتە ئەندامێکی بەشدار لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی و کۆمەڵە ئازادیی خۆی دەپارێزێ سەبارەت بە ئامانجەکانی و رزگارکردنی کوردستان لە ئیستیعمار ( بارزانی، ٢٠١٧ ، ٦٩).

### ٣. ٥ کۆنگرەی پێنجەم لە بەرلینی ڕۆژئاوا:

شیاوی باسە لقێکی کۆمەڵە لە بەرلینی رۆژئاوا دامەزرا کە بووە سەنتەری سەرەکی کۆمەڵە تا ساڵی ١٩٧٥، دیارە کۆنگرەی پێنجەم لە ماوەی نێوان ٢٢ – ٢٦ی ئابی ١٩٦٠ لە بەرلینی ڕۆژئاوا گرێ درا، ٧٣ کەس ئامادەی بوون، لە هەندێ سەرچاوەی تر ژمارەی ئامادەبووان بە ١٢٠ ئەندام خەملێنراوە، لەنێو میوانەکاندا هەروەک عیسمەت شەریف باسی دەکات ئیحسان نووری پاشا هەبوو، دەڵێت: (بانگێشتی جەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشامان لە تارانەوە کرد بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی بەرلین، ئەویش داواکەی قەبووڵ کردین و ئێمەش گرینگیمان پێدا. پێی وتین حکومەتی تاران ڕێی نەداوە بێتە بەرلین تەنها بە هاوڕێیەتی ئەفسەرێکی هەواڵگری نەبێ – کە ئەندامی ساڤاک بوو بە جلی مەدەنییەوە و ئەم ئەفسەرە نەهاتە هۆڵی کۆنگرەوە بەڵکو لە ئوتێلەکەیدا مایەوە، ئیحسان نووری پاشا وتیشی: حکومەتی ئێران ڕێی نەداوە هاوسەرەکەی لەگەڵیدا بێت، ئەگەر ئەو وەکو نیمچە بارمتەیەک لە تاران نەمابایەوە ئەوا بۆ تاران نەدەگەڕایەوە، بەڵکو داوای پەنابەری لە ئەڵمانیا دەکرد و لە ئەوروپا دەمایەوە) ، وتەیەکی لە کۆنگرەکە پێشکەش کرد، عیسمەت شەریف وانلی لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەی بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و سەرکۆنەی ئەو تاوانە بەرنامە بۆداڕێژراوانەی کرد کە رژێمەکانی ئەنقەرە و تاران و بەغدا و دیمەشق دەرهەق گەلی کورد ئەنجامی دەدەن بە ئامانجی سڕینەوەی

ناسـنامەی نەتەوەیـی و توانـدنەوەی لە بـۆتەی نەتەوە باڵادەسـتەکان. هەروەک داوای لە خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا کـرد شـەو و ڕۆژ کـاربکەن بـۆ خزمەتـی کێشـەی گەلەکەیـان و پەیـداکردنی دۆسـت و لایەنگران چونکە مێژوو بەزەیی بە تەنبەڵان نایەتەوە...) (وانلی ، ٢٠١٤ ، ٣٤ ؛ جعفر، د.م ، ١٠٩).

لە کـۆنگرەکەدا (مهـدي الحـافظ) سـەرۆکی یەکێتیـی گشـتیی خوێنـدکاران لە کۆمـاری عێـراق وتـارێکی پێشـکەش کـرد و داوای لە کـۆمەڵەی خوێنـدکارانی کـورد لە ئەوروپـا کـرد بەشـداری بـکەن لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی کەوا بڕیارە لە بەغدا لە کۆتاییی هەمان ساڵ گرێ بدرێت، پاشان کۆنگرە دووبارە عیسمەت شـەریف بە سـەرۆک و کەمـال فوئـاد بە سـکرتێر و وریـا ڕەواندزی بە جێگری سکرتێر و هەریەک لە ڕوشدی عەلی شەریف و سەعدی دزەیی و صـەلاح حەفیـد و هـی تـری بە ئەنـدامی دەسـتەی گشـتیی کـارگێڕی هەڵبژارد.

### ٣. ٥. ١ کۆنگرەی یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی لە بەغدا لە ساڵی ١٩٦٠:

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی کۆنگرەی ساڵانەی لە بینایەی سینەما خەیام لە بەغدا گرێدا، شاندێک لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە سەرۆکایەتیی عیسمەت شەریف وانلی و ئەنـدامێتیی دوو خوێنـدکار لە باشـووری کوردسـتان کە هەریەکە لە کەمـال فوئـاد و مـحەمەد ئەمـین هەورامـی بـوون ئامـادەی بـوون. وانلـی دەڵێـت: (کەمـال فوئـاد و مـن و هاوڕێیانمـان لە یەکێتیـی قوتابیـانی کوردستان سەرقاڵ بووین بە کارەکانی کۆنگرەی شەشەم..وتارێکم لە کـۆنگرەکە[11]، پێشـکەش کـرد و تەرکیـزم کـردە سـەر ژمـارەیەک خـاڵ وەکـو: پاڵپشـتیکردنی کۆمـاری عێـراق و بـکەری شۆڕشـی ١٤ی

تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ لەبەرئەوەی پەیوەندییە چارەنووسسازەکانی نێوان کورد و عەرەب و هاوبەشییان لە نیشتمانی عێراق چەسپاندووە و هەروەها ڕێی داوە بە جەنگاوەرە بارزانییەکان و سەرۆکەکەیان مستەفا بارزانی بەسەرکەوتوویی و سەربەرزییەوە بگەڕێتەوە عێراق و، ڕێز و شکۆی گەڕاندۆتەوە بۆ ئەو چوار ئەفسەرە کوردەی ڕژێمی پاشایی لە ١٩٤٧/٦/١٩ لەسێدارەی دان کە بریتی بوون لە (خیراللە عبدالکریم، مستەفا خۆشناو، عزەت عەبدولعەزیز، محەمەد قودسی)، داوامان لە کۆنگرەی شەشەم کرد کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بە ئەندامی کارا لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی وەربگرێت (عونی، علی مقربة ، ٤٥٥).

لە یادەوەرییەکانیدا وانلی لەو بارەوە نووسیویەتی: (وا بڕیار بوو هەروەک لەگەڵ پلیکانی هاوڕێم ڕێککەوتبووم کە ئەم کۆنفرانسە کێشەی ئەندامێتیی کۆمەڵەکەمان لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی بە سیفەتی ئەندامی بەشدار یان نا یەکلا بکاتەوە. بە فڕۆکە لە پراگەوە چووینە بەغدا و شاندەکان لە خانەی تایبەت بە خوێندکاران دابەزین. شاندەکەمان یەکسەر پەیوەندی کرد بە پارتی دیموکراتیی کوردستان و پەیوەندیم لەگەڵ مام جەلال بەهێز بوو. (یەکێتیی گشتیی خوێندکاران لە کۆماری عێراق) شاندی دەوڵەتی عێراقی خانەخوێ بوو و حیزبی شیوعی بەسەریدا زاڵ بوو. شیوعییەکی ناسراوی عێراقی کە ناوی مەهدی حافظ بوو سەرۆکایەتی دەکرد. بەر لە دەسپێکردنی کۆنگرە، شاندی عێراقی ئێمەیان برد بۆ سەردانی (پێشانگای ئیتنۆگرافی)، لە پێشانگاکەدا وێنەی جلوبەرگی نەتەوەیی عێراقیم دیت وەکو جلوبەرگی نیشتمانیی کوردی کە لەسەری نووسرابوو (جلوبەرگی باکوری عێراق) و هی تری عەرەبی لەسەری نووسرابوو (باشووری عێراق). بە سەرزەنشتەوە بە مەهدی حافظم گوت بۆچی نانووسن جلوبەرگی

کوردی یان جلوبەرگی عەرەبی؟ هەروەک لە یەکێتی سۆڤیەت وادەکەن کەوا دان دەنێن بە نەتەوەکان جا رووسی بن یان ئەرمەنی یان ئازەری یان تورکمانی و هی تر، (لە ڕاستیدا جنێوم بە مەهدی حافظ دا) (وانلی، ٢٠١٤ ، ٣١).

سەرۆکی یەکێتیی گشتیی خوێندکاران لە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ وانلی دووپات کردەوە کە دانانی ناوی کۆمەڵەی کوردی لە ریزی ڕێکخراوە خوێندکارییە نیشتمانییەکان دەبێتە هۆی تووڕەبوونی (ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا)، وانلی پێی وت: (ئێمە نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد دەکەین کە ئیستیعمار وڵاتی کوردستانی دابەش کردووە). بەم جۆرە کۆمەڵە کوردییەکە وەک ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مایەوە ( عبدالرحمن و زکریا، مجلة نوروز.. ، ١٥٦-١٥٩)

لە کۆنگرەدا عیسمەت شەریف وانلی رەخنەی لە هەندێ بەندی دەستووری عێراق گرت بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە تایبەتمەندیی نەتەوەییی عێراق. لەم بارەوە وانلی دەڵێ: (بەر لە دەسپێکردنی کۆنگرە دەقی ئەو وتارەم نووسی کە بە ناوی کۆمەڵەوە خوێندمەوە. دوای دەستخۆشی لە شۆڕشی عێراق و ١٤ی تەمموز و جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم و (دەستووری کاتیی عێراق) لە دانانی ماددەی سێی بە بوونی کورد وەک نەتەوەیەک لەپاڵ نەتەوەی عەرەب و هاوبەشی لە عێراق. رەخنەم لە ماددەی دووی دەستوور گرت کە دەڵێ (عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە و بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب)، گوتم: لێرەدا ناسازییەک لە دەستووری کاتیدا هەیە بۆ زانین تەنها عێراقی عەرەبی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب لە کاتێکدا کوردستانی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کورد کە ئیستیعمار دابەشی کردووە. بەر لە وتارەکە ئەوەی بە فەرەنسی لەبارەی ئەم خاڵەوە نووسیبووم بۆ کەمال فوئاد و محەمەد ئەمینم باس کرد، کەمال فوئاد گوتی پارتیی

دیموکراتیی کوردستان تا ئێستا لەم خاڵە بنەڕەتییەی نەکۆڵیوەتەوە. بەڵام لە واقیعدا بیری ئەویش وەکو بیری من بوو و هەردووکیان گوتیان: چۆنت پێ ڕاستە وەها وتارەکەت بدە. هەر بەم جۆرەش بوو) (وانلی، ٢٠١٤، ٣١).

وانلی سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا باسی ئەوە دەکات کە ئەو باسی مەسەلەی ناسازیی هەردوو ماددەی دوو و سێی لەو یاداشتە کردووە کە پێشکەشی کۆنگرەی یەکێتیی گشتیی خوێندکارانی کردووە کە لە ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا گرێ درا (وانلی و دیگران, ١٣٧٠ هـ .ش ، ٢٤٩) وتەی وانلی بە فەرەنسی و ڕەخنەگرتنی لە هەندێ بەندی دەستووری کاتیی عێراق ناڕەزایی و کاردانەوەی بەهێزی لە لایەنی عەرەبی بە هەردوو لایەنی حکوومی و شیوعی لێ کەوتەوە. ڕۆژی دواتر لە کاتی دەسپێکردنی کۆنگرە، وانلی وتاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردی بە فەرەنسی خوێندەوە کە دوو سەعاتی خایاند و وتارەکەی بۆ عەرەبی وەردەگێڕدرا (کە یەکێ لە زمانەکانی کۆنگرە بوو)، شیوعییەکان لە کاتی وتارەکەدا هاتوهاوارێکیان نایەوە و ڕەخنەی ئەوەیان گرت لەسەرئەوەی کە بۆچی وتارەکە بەزمانی فەرەنسییە و بە عەرەبی نییە و هێرشیان کردە سەر لەبەرئەوەی ڕەخنەی لە دەستووری کاتیی کۆماری عێراق گرتووە و داوای کردووە کۆمەڵە وەک ئەندامێکی بەشدار لە یەکێتیی گشتیی خوێندکاران قەبووڵ بکرێ. وانلی وەڵامی دانەوە و وتی: (من ناچار نیم وتارێک بە زمانی عەرەبی بە ناوی ڕێکخراوێکی کوردییەوە بنووسم کە ئەندامی غەیرە عێراقی تێدایە ئەمە جگە لەوەی کە لەنێو شاندە بیانییەکان لە کۆنگرە نزیکەی بیست شاندی تێدایە کە نوێنەرایەتی موستەعمەراتی فەرەنسی لە ئەفریقیا و هی تر دەکەن و بوونەتە خۆشەویستترین هاوڕێمان کاتێ بە فەرەنسی قسەیان لەگەڵدا دەکەم. لە ماوەی دوو ڕۆژدا کۆنگرە

بوویە گۆڕەپانی جەنگ و دوژمنایەتیی نێوان شاندی ئێمە و شاندی کۆماری عێراق کە زۆر بەتوندی دژی ئەوە بوو کۆمەڵە بە سیفەتی ئەندامی بەشدار بچێتە ناو یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران (وانلی، ٢٠١٤، ٣٢).

مەهدی حافظ سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارانی عێراق دژی داواکاری چوونەڕیزی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو بۆ یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران (دەنگی کورد، ٢٠٢٢، ١٦٣) لەو کۆنگرە جیهانییەی لە بەغدا گرێدرابوو (دەنگی شۆڕش، ١٩٧٤) ، لەگەڵ ئەوەی جێری پلیکان سەرۆکی کۆنگرە نەرمییەکی زۆری پیشاندا لەبارەی قەبووڵکردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە کۆمەڵەی یەکێتیی جیهانی، ئەوەش لە میانەی دیداری لەگەڵ عیسمەت شەریف لە پاریس چەند مانگێک بەر لە گرێدانی کۆنگرەکە بەڵام ئەم مەسەلەیە لە کاتی گرێدانی کۆنگرەکە لە بەغدا ڕەهەندێکی تری وەرگرت و سەرانی یەکێتیی گشتیی قوتابییان لە کۆماری عێراق و لە پێشەوەیان مەهدی حافظ کە سەرۆکی یەکێتیی ناوبراو بوو ڕۆڵێکی هەلپەرستانە و دوژمنکارانەی بەرانبەرمان هەبوو و هەوڵیاندا بەپێی توانا کۆسپ بخەنە بەردەم قەبووڵکردنمان و ئەوەی دەیانویست بەدەستیان هێنا چونکە زۆربەی ئەندامانی یەکێتییە خوێندکارییەکان بە گشتی سەر بە حیزبە شیوعی و چەپڕەوەکان بوون، ئەم هەڵوێستەی ناوبراو لە کوردستان ناڕەزایی لێ کەوتەوە (صوت الأكراد، ١٩٦٠، ٣)، بۆ نموونە لە شاری سلێمانی لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو دروشمێک لەسەر یەکێک لە باڵەخانەکان نووسرابوو کە سەرکۆنەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی مەهدی حافظی دەکرد لە بەرانبەر قەبوولنەکردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە یەکێتیی جیهانیی خوێندکاران، کاتێ عیسمەت شەریف ئەوەی بیست پڕ بە دەم پێکەنی و گوتی: (ئایا ڕاستە..ئایا ڕاستە) ( عونی، علی مقربە ٢٠١٠، ٤٥٥-٤٥٦).

هەڵویستی نەرێنییانەی حیزبی شیوعی لە کۆنگرەدا بووە هۆی پاشەکشێی جەماوەرییوونی لەناو کورد و ڕوودانی ڕاپەڕین دژی شیوعییەکان لە کوردستان و زیادبوونی جەماوەری پارتیی دیموکراتیی کوردستان دوای ئەوەی هەواڵەکانی گفتوگۆکان لە ڕۆژنامەدا بڵاوبوویەوە وەکو ڕۆژنامەی (خەبات)، کاتێ جەماوەر لە کوردستان زانییان لەناو کۆنگرەدا چی ڕووی داوە و هەڵویستی یەکێتیی گشتیی قوتابییان لە کۆماری عێراق چی بووە – ئەوەش هەڵویستی حیزبی شیوعیی عێراقییە، خەڵک دەستیان کرد بە خۆپیشاندانی گەورە و بارەگاکانی حیزبی شیوعییان لە کوردستان تێکوپێک دا کە کۆنترۆڵی ئەوانەی کردبوو کە پێیان دەوترا (ڕێکخراوە مىللییەکان) واتە ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و لاوان و ژنان و نووسەران و ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر، هەموویان بە دەست حیزبی شیوعییەوە بوون و یەک دانەشیان بەدەست پارتییەوە نەبوو. بە هۆی ئەم کێشەیەوە ڕای گشتی لە کوردستان بۆ یەکەم جار بە قازانجی پارتی گۆڕا.

لەو بارەیەوە وانلی دەڵێ: لە کوردستانەوە زیاتر لە ٥٠ برووسکەم بەدەست گەیشت کە هەموویان پاڵپشتیی کۆمەڵەکەمانی دەکرد. دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە چەندان بانگێشتمان بۆ سەردانی کوردستان پێگەیشت. دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە بە خۆم دەقی وتارەکەم لە فەرەنسییەوە کردە عەرەبی و دامە ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی و سەرپەرشتیاری (خەبات). لە کاتی بوونم لە بەغدا لەگەڵ پێشەکییەکی کورت بڵاوی کردەوە، دوای چەند دێڕێک تێیدا وتبووی: (تا ئێستا حیزب نەیویستووە باسی ئەو کێشانە بکات کە دەستووری کاتی دەیورووژێنێ ئەوەش بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەممووز). ئەوەش واتای ئەوەیە پارتی لە ناواخندا پاڵپشتی ئەوە دەکات کە لە وتارەکەمدا بە ناوی کۆمەڵەوە هاتووە

لەبارەی ناسازی و ناکۆکیی هەردوو ماددەی دووەم و سێیەمی دەستووری کاتیی عێراق، هەڵوێستی وانلی بووە هۆی کاردانەوەی حکوومەتی عێراق، دوای ئەوەی شاندەکانی کۆنگرە بانگێشتی ئێوارەخوانێک لە باخێکی گشتی کران و (پلیکان) سەرۆکی یەکێتیی گشتیی خوێندکاران هەستا بە پێشکەشکردنی سەرانی شاندەکان بە جەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم سەرۆک کۆمار کە ئامادەی ئێوارەخوانەکە بوو، لەنێویشیاندا شاندی کوردی (وانلی وێنەیەکی لەگەڵدا گرت)، ڕۆژی دواتر ئەفسەرێکی ئاسایشی عێراق هاتە بارەگای شاندەکانی خوێندکاران و داوای لە عیسمەت شەریف کرد لە ماوەی ٢٤ یان ٤٨ سەعات بە فەرمانی حاکمی سەربازی، عێراق بەجێ بێڵێت. وانلی دەڵێت: (لە ڕاستیدا دوای گوێڕایەڵیی حاکمی سەربازی و بەدەمەوەهاتنی بانگێشتی جەماوەری کوردستان بۆ سەردانی کوردستان کە تەنها لە کتێب دەیناسم و شاندەکەشمان سەدان بانگێشتی لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە لا بوو بۆ سەردانی نیشتمان , بۆئەوەی کێشەی زیادە لەگەڵ بەغدا دروست نەبێ و وانلیش لە دەسگیرکردن بپارێزرێ، مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان دەخالەتی کرد. لەو بارەوە وانلی دەڵێ: (مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبوونەوەیەکی لەناکاوی گرێ دا و بڕیاری دا کە پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانی حاکمی سەربازی بکەم. مام جەلال هات بۆ ئەوەی هەواڵی بڕیارەکەم پێبدات و وتی: (ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکەت کرد و چوویتە کوردستان ئەوا پۆلیس دێت و دەتگرێ و بەهێز لە عێراق دەرتدەکات، بەوەش پارتی تووشی هەڵوێستێکی ناخۆش دەکەیت. ئەگەریش حیزب هەوڵی دا بەرگریت لێ بکات ئەوا واتای دەستپێکردنی شۆڕشی کوردییە و ئێمەش ئێستا لە دۆخی ئەنجامدانی شۆڕش نین). پاشان وتی: (کاک عیسمەت، پارتیی دیموکراتیی کوردستان بە هۆی وتارەکەتەوە لە میانەی ئەم هەفتەیەدا

ئەوەنـدە پاڵپشـتیی جەمـاوەری لەسـەر حیسـابی حیزبـی شـیوعی لە کوردسـتان دەسـت کەوتـووە کە زیـاترە لەوەی لە مـاوەی دە سـاڵدا دەسـتی کەوتـووە)، دیـارە بەر لە بەجێهێشـتنی عێـراق، وانلـی لە بەغـدا چـــاوی بە مەلا مســـتەفا بـــارزانی کەوت، نووســـیویەتی: (بەر لە بەجێهێشـتنی عێـراق ڕۆژی دواتـر سـەردانی مەلا مسـتەفا بـارزانیم لە ماڵەکەی خۆی لە بەغدا کرد، یەکەم دیدارم بوو لەگەڵیدا و ڕێزی خۆم پێشکەشی کرد. سکاڵای کرد لە دیکتاتۆرییەتی عەبدولکەریم قاسم و لە دابەشکردنی چەک بەسەر ئاغایانی کورد لە زێبار بۆ دەسدرێژیکردنە سەر بارزان و گوتی: چیتر هەست بە ئارامی و ئاسایش ناکەم لە بەغدا و بیردەکەمەوە بگەڕێمەوە بارزان) (وانلی، ٢٠١٤ ، ٣٢ – ٣٤).

وانلـــی ئامـــاژە بـــۆ ئەوە دەکـــات کە بـــارزانی ســـەبارەت بە قەبووڵنەکردنی کۆمەڵە لە یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی پێی گوت: (...بێ هیـوا مەبـن، لە کارتـان بەردەوام بـن تـا ڕۆژێـک قەبـووڵ دەکـرێن و حەتـمەن دادپەروەری ڕێـی خـۆی دەگرێـت بەڵام گرینگتـر لەوە ئەوەیە کێشـەی گەلەکەتـان لەبیـرنەکەن، ئـێمە پێویسـتمان بە کۆشـش و کـاری نیشـتمانیی ئێـوەیە و پارێزگـاری لە یەکێتیتـان بـکەن و لە نـاکۆکی و فرتوفێڵی دوژمنان دوورکەونەوە..) (عبدالرحمن و زکریا، مجلة نوروز، ٢٠١٤، ١٥٨)

دوای گەڕانەوەی عیسـمەت شـەریف وانلـی، ڕاسـتەوخۆ ئیبـراهیم ئەحمەد درایە دادگا بە هۆی بڵاوکردنەوەی دەقی وتـارەکەی وانلی لە کـۆنگرە لە ڕۆژنـامەی (خەبـات)، لە تێڕوانینـی دەوڵەت ئەم دەقە وەک (هاندانێک بوو بۆ جیاکاریی ڕەگەزپەرستی لە نێوان عێراقییەکان، پاشان عەبدولکەریم قاسم هەستا بە ئاراستەکردنی گورزی دووەمی بۆ پارتیی دیموکراتیی کوردستان بە پێشکەشکردنی لائیحەی تۆمەتبارکردن دژی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری حیزب بە تۆمەتی هاندانی ڕق لێبوونەوە.

ئەو رق لێبوونەوەیەش مەبەستی لە بڵاوکردنەوەی ئەو وتارەیە کە عیسمەت شەریف وانلی بە ناوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەبەردەم کۆنگرەی یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی کە لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق لە مانگی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٠ پێشکەشی کرد (مرعی، الحوار المتمدن،٢٠٢٠ ).

**٣. ٦ کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە مونستەری ئەڵمانیا:**

لە ٢٢ – ٢٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦١ و بە ئامادەبوونی ١٠٩ ئەندام، دوای وتنی سروودی نەتەوەییی کوردی (ئەی ڕەقیب) کۆنگرەی شەشەم لە شاری مونستەری ئەڵمانیا دەستی بە کارەکانی کرد و عەزیز شەمزینی بە نوێنەرایەتیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و کەریم ئەحمەد بە نوێنەرایەتیی حیزبی شیوعیی عێراق و یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی و دارا تۆفیق بە نوێنەرایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتیی جیهانی و هی تر ئامادەی بوون. نامەیەک لە مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان لە سووریا گەیشتە کۆنگرە (جعفر، د.م ، ١١٣)، بە هەمان شێوەی کۆنگرەی پێنجەم، لە هۆڵی کۆنگرە ناکۆکی و شەڕ لە نێوان پارتییەکان لە لایەک و شیوعییە عێراقی و سوورییەکان لە لایەکی ترەوە بەرپابوو بە هۆی بەرگریی شیوعییەکان لە هەردوو رژێمی دیمەشق و بەغدا بە بانگەشەی ئەوەی ئەوان دوو رژێمی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازن. لە کۆتاییی کارەکانیدا، عیسمەت شەریف وانلی بە سەرۆکی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا.

**٣. ٧ کۆنگرەی حەوتەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد:**

ئەوەی ئەم کۆنگرەیە جیا دەکاتەوە ئەوەیە خاتوو مارتا فوکس کە سەرۆکی شارەوانیی شاری براونشفایک و ئەندامی بەرپرس لە حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی ئەڵمانی بوو هۆڵێکی باشی بۆ کۆنگرە و دوو

هـۆڵی ئامـادەکراوی بـۆ نووسـتنی ئەنـدامانی کـۆنگرە تەرخـان کـرد کە ژمارەیان ١٥٠ ئەندام بوو، خواردنیشی بۆ ئامادە کردن. کۆنگرە لە ٩ – ١٥ی ئابی ١٩٦٢ بە لێدانی سرودی نیشتمانیی کوردی (ئەی ڕەقیب) و وەسـتانی خولەکێک بـۆ گیـانی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان دەسـتی پێکرد. پاشان خاتوو مارتا فوکس وتەیەکی پێشکەش کرد و هاوسـۆزی و پاڵپشـتیی خـۆی بـۆ کێشـەی گەلـی کـورد دەربـڕی. لەم کـۆنگرەیەدا عەبـدولڕەحمان قاسـملوو بە نـاوی (عەبـاس نـوری) بەشـداری کـرد و یەکەم جـار بـوو بەشـداری بکـات لە کۆنگرەکـانی کـۆمەڵە. عیسـمەت شـەریف بە سـەرۆکی کـۆنگرە و کەمـال فوئـاد بە سـکرتێری گشـتی مایەوە...

## ٣. ٨ کۆنگرەی هەشتەم لە مونشنی ئەڵمانی لە ٩ – ١٥ی ئابی ١٩٦٣:

ئەم کۆنگرەیە لەدوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ی بەعسییەکان و دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ گرێـدرا، ژمـارەی ئامـادەبووانی کۆنگرەکە گەیشـتە نزیکەی (٥٠٠) کەس کە ١٥٦ کەسـیان ئەندام و ئەوانیتر میوان و شاندی بەشدار بوون. جەلال تاڵەبانی وەک نـوێنەری شـۆڕشـی کـورد و شـاعیری عێراقـی مـحەمەد مەهـدی ئەلجەواهیری بەشداری کرد کە بۆ یەکەم جار چامە بەناوبانگەکەی بە ناونیشانی (کوردستان ئەی نیشتمانی پاڵەوانان) پێشکەش کرد و کڵاوە کوردییە ڕازاوەکەی لەسـەر بوو کە لەسـەری نووسـرابوو (کوردسـتان یـان نەمـان) (جعفـر، د.م، ١٢٣)، عیسـمەت شـەریف وانلـی ڕاپـۆرتی دەستەی کارگێڕی خوێندەوە تێیدا تەرکیزی کردە سەر دۆخی شۆڕشی ئەیلـوول. کـۆنگرە کۆمەڵێـک بڕیـار و ڕاسـپاردەی دەرکـرد لەنێویانـدا دەرکردنـی گۆڤارێـک بە زمـانی کـوردی – پیتـی لاتینـی بە نـاوی (هێڤیـا وەلات) و (حەمـەرەش ڕەشـۆ)[١٢] کە لەم کـۆنگرەیەدا هـاتبووە ڕیـزی

کۆمەڵەوە وەک سەرۆکی دەستەی نووسین راسپێردرا.

لەلایەکی دیکەوە کەمال فوئاد بە سەرۆکی کۆمەڵە و سەعدی دزەیی بە سکرتێری گشتی و هەریەک لە سەردار ئاراراتی و عیسمەت شەریف و وریا رەواندزی و جەوهەر شاوەیس و عومەر شێخمووس و ئیحسان فوئاد و هی تر بە ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی گشتی هەڵبژێردران. عیسمەت شەریف یەکلا بوویەوە بۆ نوێنەرایەتی شۆڕشی کورد و نوێنەری سەرۆکەکەی مستەفا بارزانی.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە دیارترین ئەو ئەنجامانەن کە پێیگەیشتووین:

١- لە ئاداری ١٩٥٨ عیسمەت شەریف وانلی لە بانگەوازێکدا داوای لە خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کرد کە رێکخراوێکی تایبەت دابمەزرێندرێت بەمەبەستی یەکخستنی خەبات و تواناکانیان لەنێو یەکریزی خەباتی خوێندکارانەدا.

٢- عیسمەت شەریف وانلی لەدوای نورەددین زازا بە دروستکردن و گەڵاڵەبوونی فکری رێکخستنێکی خوێندکارانە بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دادەنرێت.

٣- کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا خزمەتی گرینگی پێشکەشی خەباتی نەتەوەیی کورد کرد، بووە پاڵپشتی تێکۆشانی ناوەخۆ و سەکۆیەکی میدیایی بۆ خستنەڕووی کێشەی کورد بۆ ڕای گشتیی جیهانی و تاکە سەرچاوەی هەواڵەکانی کورد و کێشەی کورد و بزاڤی نەتەوەییی سیاسی.

٤- بەدرێژاییی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول کۆمەڵەکە ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان شۆڕش و دەرەوە بوو، ڕۆژنامەوان و ڕاگەیاندنکارانی بیانی دەناردە ناوچەکانی شۆڕش و هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە.

٥- عیسمەت شەریف رۆڵێکی دیاری هەبوو لە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ یەکێتیی خوێندکارانی جیهانی و ناساندنی مەسەلەی کورد بە یەکێتییە خوێندکارییە جیهانییەکان.

٦- وانلی هۆکارێکی گرنگە لەنێو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و کۆکردنەوەیان لە نێو بازنەیەکی نەتەوەییدا، بەهۆی چالاکی و هەوڵەکانییەوە توانی خوێندکارانی بەهزر کۆمۆنیست بێنێتە نێو خەباتی نەتەوەیی.

٧- وانلی یەکەمین کەسایەتییە کە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەنێو کۆنگرەی ساڵانەی خوێندکارانی جیهانی لە بەغدا باس لە دژبەیەکبوونی ماددەی دوو و سێی دەستووری کاتی عێراقی ورووژاند کە بەو هۆیەوە ئاستی ناسیۆنالیستی کورد لەنێو خوێندکاران و جەماوەردا لە شیوعییەوە بازی دا بەرەو نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی.

٩- عیسمەت شەریف وانلی جگە لە خەباتی خوێندکارانەی دەکرێ بگوترێت ناوبراو وەک دیبلۆمات و سیاسی و کەسایەتی ئەکادیمی و نوێنەرایەتی کردنی وەک باڵوێزی کورد لە ئەورووپا دادەنرێت.

١٠- مەلا مستەفا بارزانی بەمەبەستی نیشاندانی دۆزی کورد بە نێوەندە نێودەوڵەتییەکان هەر زوو دیارکردنی کەسانی بە تواناو جێگای ئومێدی دەستنیشان کرد تاکو نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازەکەی بکەن لە دەرەوەی وڵات هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٤ وانلی راسپارد بۆ ئەم کارە.

١١- عیسمەت شەریف وانلی لەنێو خەباتی خوێندکارانە و دیبلۆماتی خۆیدا هۆکارێکی گرنگە لە نیشاندانی ئەو زوڵم و ستەم و کوشتارو کۆمەڵکوژییەی بەرامبەر بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەنێوەندە دیبلۆماتی و رێکخراوە نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ.

## پەراوێز:

[1] ڕکن الدین، ناوچەیەکە لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە دیمەشقە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی لووتکەی چیای قاسیون، لەلای ڕۆژهەڵات و دەوروبەری گەڕەکی صالحیە، گەڕەکێکە زۆربەی دانیشتوانی لە نەتەوەی کوردن بەو هۆیەوە ناوی گەڕەکی کوردانی بەسەردا براوە، ناوێکی کۆنە بۆ گەڕەکی ڕکن الدین، ناوی ڕکن الدین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سونەکانی خەڵکی گەڕەک ئەم ناوەیان لە ناوی یەکێک لە والیەکانی دیمەشق لە سەردەمی ئەیوبی، مەزاری والی ڕکن الدین منکورس دەکەوێتە ناو مزگەوتی ڕکن الدین (الرکنیة) لە مەیدانی شمدین ئاغا. کە ئەو گەڕەکە گەڕەکێکی هەرە کۆنی شاری دیمەشق دادەنرێت، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٧٠ ز لە ماوەی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان. ئەو گەڕەکە لەدواتردا چەندین کەسایەتی سیاسی و ئاینی لەوانە پرۆفیسۆر "عصمت شریف وانلی، سیاسەتمەداری کوردی "عثمان صبری" و دکتۆر "نورالدین زازا" بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (الشیباني، ج١، ١٩٩٩؛ ملا ، ٢٠١٤).

[2] یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهانی: لە ١٠ی تشرینی دووەم ١٩٤٥ لە لەندەن دامەزرا. ئەو کۆنگرە مێژووییە بەدەستپێشخەری ئەنجومەنی لاوانی جیهانی دامەزرا کە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهان پێکهێنرابوو، ئامانج لێی کۆکردنەوەی بزووتنەوە لاویەکانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان لەیەک بەرەی دژ بە فاشیزم. لەم کۆنگرەیەدا ٦٠٠ نوێنەر لە ٦٣ دەوڵەت ئامادەبوون.
https://stringfixer.com/ar/World_Federation_of_Democratic_Youth

[3] – احمد زمجی: لە ساڵی ١٩٢٨ لە گوندی کرسانی لە چیای کورد لە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٥٠ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، دەستی بە خوێندنی پزیشکی کردووە لە تورکیا دوای چوار ساڵ لە خوێندنی لە کۆلێژی ناوبراو بەهۆی کوردبوون و بەرزی هەستی نەتەوەیی و مەیلی بۆ چەپگەرایی نیشینگەیەکی لە تورکیا هەڵوەشێنرایەوە و داوای لێکرا لە ماوەی ٧٢ کاتژمێر ئەم وڵاتە بەجێبهێڵێ، لە ساڵی ١٩٥٥ ڕووی کردە وڵاتی ئەڵمانیا، کە یەکەم کوردی ناوچەی عەفرین بووە رووبکاتە ئەو وڵاتە، لە ساڵی ١٩٦١ لە زانکۆی دوسلدورف خوێندنی

پزیشکی بە کۆتا هێنا، وەک پزیشکێک دەستبەکار بوو لە پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو تاکو ساڵی ١٩٧٣، پاشان خانەنشین کرا.

(٤) – KSSE: کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە لە ئەورووپا بەشێوەی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە Kurdish Students Society in Europe.

(٥) لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەناوی کوردستانی سوریا (ڕۆژئاوا) نەدا، چونکە لەو کاتەدا سوریا بەشێک بوو لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوو ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە بۆ بریندارنەبوونی جمال عبدالناصر.

(٦) بۆ زیاتر بگەڕێوە : هەمان سەرچاوە، ٩٩ – ١٠٠.

(٧) دەربارەی دەقی بەلاغەکەو بڕیارەکانی بگەڕێوە بۆ: (جعفر، د.م ، ١٠٢-١٠٣).

(٨) دەربارەی ئەو وتانەی لە کۆنگرەکەدا پێشکەش کران بڕوانە: (جعفر، د.م، ١٠١-١٠٢).

(٩) سەرچاوەیەک لەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد سوریا.

(١٠) لەڕاستیدا جەلال تاڵەبانی ئەوکات ئەندامێکی کارا بوو لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٥٥ بەشداری لە ڤیستڤاڵی وارسۆ و لە ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ کرد، وزۆربەی کات گەشتی دەکرد بۆ دەرەوە بۆ ئاشنابوون بە مەسەلەی کورد و بەرگریکردن لێی.

(١١) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر وتاری وانلی لە کۆنگرەکە کە پێکهاتبوو لە ئاوڕدانەوەیەکی جدی لەسەر مەسەلەی کورد، بگەڕێوە بۆ پەراوێزەکانی: (بارزاني، ٨١ – ٨٩)

(١٢)– خەباتگێڕێکی سیاسی و نووسەرێکی باکووری کوردستانە، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٥-١٩٧٠ گۆڤاری (Çiya) ی لە ئەورووپا دەرکرد، بڕوانە: علی جعفر، الكردي او الكردستاني يا معشر الساسة والكتاب الكرد welatê me,12.12.2007.

## لیستی سەرچاوەکان

### ١- کتێب


- أيوب بارزاني, ايوب(٢٠١٧)، **الحركة التحررية الكوردية وصراع القوى الإقليمية والدولية ١٩٥٨ -١٩٧٥**، الطبعة الرابعة، الجزء الأول، دار نشر حقائق المشرق، جنيف.
- بدرالدين، صلاح (٢٠١١)، **الحركة الوطنية الكردية السورية**، مذكرات، الجزء الثاني (١٩٧٥ -٢٠١١)، رابطة كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الثالثة، أربيل.
- البروفيسور عصمت شريف وانلي(٢٠٠٤)، **موسوعة چياي كورمانج – الموسوعة الكردية الحرة**، عفرين.
- جعفر، علي (٢٠١٦)، كورد المهجر، جمعية الطلبة الكورد في أوروبا ١٩٤٩ -١٩٧٥ (سفارة كوردستان في الخارج)، الجزء الأول، منشورات دار خاني للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، دهوك.
- حصاف، إسماعيل محمد(٢٠١٧) ، **تاريخ كردستان سوريا**، معهد كردستان وآسيا الصغرى للدراسات الإستراتيجية، روسيا الفيدرالية – موسكو، فرع كردستان، ج ٢، أربيل.
- حصاف ,إسماعيل محمد(٢٠١٧) ، **تاريخ كردستان سوريا**، معهد كردستان وآسيا الصغرى للدراسات الإستراتيجية روسيا الفيدرالية – موسكو، فرع كردستان، ج ٣، أربيل.
- زازا، نورالدين (٢٠٠٨),حياتي ككوردي، ترجمة: خسرو بوتاني، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الأولى، أربيل.
- الشيباني ،قتيبة(١٩٩٩)، **معجم دمشق التاريخي، باب: حرف الحاء، ج١**، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.
- عبدالله، نجاتي(٢٠١٢) ، **عصمت شريف وانلي الأكاديمي والدبلوماسي والمؤرخ الكردي**، ملحق في كتاب: عصمت شريف وانلي، كردستان العراقية هوية وطنية، ت:سعاد محمد خضر، مركز ژين، السليمانية.
- الكردي ,محمد علي الصويركي(٢٠٠٨)، **الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ**، مج ٤، الدار العربية للموسوعات، بيروت.

- الكردي، محمد علي الصويركي(٢٠٠٨)، **الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ**، مج ٣، الدار العربية للموسوعات، بيروت.
- ملا، عزالدين علي(٢٠١٤)، حي الأكراد في مدينة دمشق بين عامي (١٩٥٠ – ١٩٧٩) دراسة تاريخية – اجتماعية – اقتصادية عرض وتقديم: رمزي الحاج عقراوي، remziakrawi@yahoo.com، دمشق .
- نكديمون، شلومو(١٩٩٧) ، **الموساد في العراق ودول الجوار إنهيار الآمال الاسرائيلية والكردية**، ترجمة: بدر عقيلي، دار الجليل للنشر والدراسات والأبحاث الفلسطينية، عمان.
- وانلى، عصمت شريف (٢٠١٤), **من مذكرات عصمت شريف وانلى**، مؤسسة ژين، السليمانية.
- وانلى و ديگران ( ١٣٧٠ هـ ش)، كردها ، ترجمه: ابراهيم يونس ، تهران .

Vanly ,Ismet Cheriff(1970), **Le Kurdistan Irakien Entité Nationale. Etude de la Révolution de 1961**,Editions De La Bacconniére.. NEUCHATEL

**٢- وتار و توێژینەوە**

**عەرەبی :**

- **آرام علي مصطفى و عبدالرحمن كريم درويش (ايلول ٢٠١٣)**، الرؤية الإستراتيجية لعصمت شريف وانلي لحل القضية الكردية، جامعة السليمانية، دراسات قانونية وسياسية، السنة الأولى، العدد الأول، السليمانية.
- عوني،فرهاد(٢٠١٠) ، **على مقربة من قصر اوشي في لوزان كان لي حوارا مع عصمت شريف وانلي**، مجلة(K21) ، العدد(٩)، اربيل.
- محمد، شيرزاد زكريا(٢٠١٥) ، **مجلس قيادة الثورة في كوردستان (دراسة في علاقاته الخارجية ١٩٦٤ – ١٩٦٦)**، مجلة جامعة زاخو، المجلد: ٣(B)، العدد ١، زاخو.
- مرعي، فرست(٢٠٢٠) ، **كاميران أمين عالي بدرخان ١٨٩٥ – ١٩٧٨ مهندس العلاقات الكردية - الإسرائيلية**، (الحوار المتمدن- العدد ٦٥٩٨ ).
- كوردی:
- عبداللـه، نەجاتی (٢٠١٢), لـه ماڵئـاوایی عصـمت شـریف دا، گۆڤـاری

ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢١)، هەولێر .
- عەلی ئەحمەد، نەوزاد(٢٠١١)، کوردستان گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی.

**ئینگلیزی :**

- Kurdistan Published by the Kurdish students Society in Europe, november,1958.
- Letter to the Mr. Hammarskjoled in: Kurdistan Published by the Kurdish students Society in Europe, november,1958.

**٣- گۆڤار**

- عبدالرحمن، میفان عارف و شیرزاد زكريا محمد(٢٠١٧)، **عصمت شريف وانلي و دوره في ثورة ايلول في كوردستان- العراق ١٩٦١- ١٩٦٤**، مجلة جامعة نوروز, العدد ٥، دهۆک.

**٤- ڕۆژنامە**

**عەرەبی :**

- امين ، هوزان(تشرين الثاني ٢٠١١) ، وفاة الشخصية الوطنية الكردية عصمت شريف وانلي ، التآخي، العدد ٩٢١٤، اربيل.
- المدى، **رئاسة إقليم كردستان تنعى عصمت شريف وانلي، العدد** (٢٣٠١)، ١٢،١١، ٢٠١١.
- صوت الأكراد، عدد ٤٤، ١٩٦٠، دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی سەربەخۆیە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، گردوکۆ و ساغکردنەوە و ئامادەکرن عەبدوڵلا زەنگەنە، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر،٢٠٢٢.
- البوتاني، عبدالفتاح علي يحيى، الموؤدة في عتمة الدكتاتورية، انظر: دەنگی کورد یەکەمین ڕۆژنامەی سیاسی کوردی سەربەخۆیە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچووە، گردوکۆ و ساغکردنەوە و ئامادەکرن عەبدوڵلا زەنگەنە، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر،٢٠٢٢.
- دەنگی شۆڕش (صوت الثورة)، نشرة إخبارية يصدرها الحزب الديمقراطي

الكردستاني –فرع أوروبا– العدد(٦)، ١٣ اكتوبر ١٩٧٤.
- إيلاف، ٧. ٣. ٢٠١٧.

**کوردی :**

- ڕۆژنامەی بەرخودان( )، لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی، ژمارە:١٤،؟
- عوسمان، محمود (٢٠٠٩)، سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان، بەشی دووەم، گۆڤاری کوردستان ٢١، ژ:٤، هەولێر .

**٥- ئینتەرنێت**

- . https://stringfixer.com/ar/World_Federation_of_Democratic_Youth
- https://www.youtube.com/channel/UCe0KIUbHaFv5DnLazNS٨NPA
- Îsmet Şerîf Wanlî - Ismet Cheriff Vanly, pîrmûs 1998, Youtub.

- **جمبلي ،جمال (٢٠١١)، لمحة عن حياة السياسي الكردي المعروف البروفيسور عصمت شريف وانلي**، وەرگیراو لە :
http://www.gemyakurda.net
- حصاف ،إسماعيل ، **ساعات مع الأكاديمي والسياسي الكردي البارز عصمت شريف وانلي في موسكو**، وەرگیراو لە : .www.gemyakurda.net
- صلاح بدرالدين، صلاح ( اب ٢٠٢٠ )، من ذاكرة التاريخ المعاصر لحركتنا الكردية السورية (الجزء الثاني)، The Levant news media internationalمؤسسة إعلامية مستقلة تبث أخبار يومية على شبكة الإنترنت، وصحيفة مطبوعة تصدر من لندن وتوزع في العواصم الأوربية باللغتين العربية والإنكليزية
- كتابات في الميزان، الشخصية الوطنية الكردية والسياسي المخضرم عصمت شريف وانلي في ذمة الخلود، وەرگیراو لە :
www.yek-dem.com

## ملخص البحث

من خلال دراستنا هذه، تبين لنا أن عصمت شريف وانلي قد لعب الدور الأبرز في تأسيس جمعية الطلبة الكورد وقيادتها حتى مؤتمرها الثامن من (٩ – ١٥ آب ١٩٦٣) في مدينة مونشن (München) الألمانية، حيث تفرغ بعد ذلك في تمثيل قائد الثورة الكوردية ملا مصطفى البارزاني في الخارج ونجح في التعريف بالثورة الكوردية وإيصال صوتها إلى الخارج ومن نسج شبكة من العلاقات الواسعة ليس فقط مع القوى والمنظمات والهيئات الدولية بل ومع عدد كبير من الحكومات والأحزاب الحاكمة لتعرية أهداف ومخططات بغداد التي إستهدفت الوجود الكوردي عبر حملات عسكرية مستخدمة الأسلحة الحارقة والممنوعة دوليا مثل قنابل الناپالم وغيرها.

وتكمن أهمية ودور جمعية الطلبة الأكراد في أوروبا، أنها تمكنت وبإمتياز من إيصال صوت الكورد ولا سيما صوت ثورة أيلول إلى المجتمع الدولي، في وقت كان المجتمع الأوروبى ومؤسساته لا تعرف إلا القليل عن كوردستان والكورد، بسبب التعتيم الإعلامي المفروض على الحركة الكوردية من قبل الدول التي تتقاسم كوردستان.

أقام عصمت شريف وانلي من خلال رئاسته للجمعية من اقامة علاقات واسعة مع اتحاد الطلبة العالمي والمنظمات والهيئات الطلابية العالمية ومنظمات حقوق الإنسان، والمشاركة بنشاط في فعالياتها وطرح القضية الكوردية من خلالها، وبالتالي فإن جمعية الطلبة الكورد لعبت دور (سفارة كوردستان) في الخارج.

**الكلمات الدالة:** عصمت شريف وانلى، النضال، جمعية الطلبة الكورد، القضية الكوردية، السياسة، المؤتمر.

## Abstract

This study has demonstrated that clear Ismet Sherif Vanli played the most prominent role in the establishment and leadership of the Kurdish Student Association until its eighth conference (9-15 August 1963) in the German- München city where he then devoted himself to representing Mustafa Barzani abroad. He succeeded in introducing the Kurdish revolution and bringing its voice to the outside and weaving a network of wide relations not only with international forces, organizations and bodies, but also with a large number of governments and ruling parties to expose the goals and plans of Baghdad that targeted the Kurdish presence through military campaigns using incendiary and internationally prohibited weapons such as Napalm and others.

The importance and role of the Kurdish Student Association in Europe lies in the fact that it was highly successful to convey the voice of the Kurds, especially the voice of the Eilul revolution, to the international community, at a time when the European community and its institutions knew little about Kurdistan and the Kurds, due to the media blackout imposed on the Kurdish movement by the countries where Kurds and Kurdistan are divided among them.

Ismet Sherif Vanli, through leading the association, has established a wide network of relations with the International Student Union, international student organizations and bodies and human rights organizations, actively participating in its activities and raising the Kurdish issue through it, and therefore the Kurdish Student Association played the role of the Kurdistan “embassy” abroad.

Ismet Sherif’s activities included several areas: media and politics, securing weapons and aid for the revolution, and sending many journalists and diplomats to the areas of the revolution, who met the leader of the revolution, Mustafa Barzani, with the aim of breaking the isolation imposed on Kurdistan, removing the media blackout from the areas of the revolution, and demonstrating the legitimacy of the Kurdish national struggle for its indigestible rights. In addition, Vanli exposed the racist practices of the ruling regimes in Turkey, Iran, Iraq and Syria against the Kurdish people.

**Keywords**: Ismat Sharif Wanli, Struggle, Kurdish Students Association, Kurdish Cause, Politics, Conference.